د. مەحمود موعەزەمی

هاوسەرگیری، سەرەتا یان کۆتایی عەشق؟

وەرگێڕانی: شاهۆ لەتیف

کتێبی PDF
Ktebi_PDF
238 posts
19.2k followers
7 following
Promote
Edit Profile
پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure
لێرە
باشترین و بەسوودترین و بە خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3n5JGJLu3fixeLUjwdbjgTSVslbo
Ktebi_PDF

هاوسەرگیری، سەرەتا
یان کۆتایی عەشق

مەحموود موعەزەمی

هاوسەرگیری،
سەرەتا یان کۆتایی عەشق؟

مەحمود مەعزەمی

وەرگێڕانی: شاهۆ لەتیف

چاپی یەکەم
٢٠١٨

له بڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیره(٧٥٢)

ناسنامەی كتێب

- ❖ ناوی كتێب: هاوسەرگیری، سەرەتا یان كۆتایی عەشق
- ❖ نووسینی: مەحمود موعەزەمی
- ❖ وەرگێڕانی: شاهۆ لەتیف
- ❖ بەرگ: فواد كەوڵۆسی
- ❖ شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- ❖ ساڵی چاپ: ٢٠١٨ سلێمانی
- ❖ نۆرەی چاپ: چاپی یەكەم
- ❖ تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ناونیشان:

سلێمانی ـ سابونكەران ـ نێوان گەراجی عوسمانی ئەمین و شوقەكانی تەكیە ڕووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣)، (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

هاوسەرگیری،
سەرەتا یان کۆتایی عەشق؟

ئایا دەخوازن ببنە کەسێکی کاریگەر و بەسوود بۆ خۆتان، خێزانەکەتان، کۆمەڵگاکەتان و مرۆڤەکان؟

ئەگەر دەخوازن، پیرۆزبایتان لێ دەکەم هەڵبژاردنێکی دروستتان ئەنجامداوە، دڵنیام لەکۆتایی ئەم کتێبەدا ئەوکەسەی پێشوو نابن، چونکە هەندێك وانەی گرنگ لەم کتێبەوە فێردەبن کە ئاشناتان دەکات بە کۆمەڵێك دیدی نوێ سەبارەت بە خۆتان، بە هاوسەرەکەتان، بە سێکس و هاوسەرگیری... لە پاش خووێندنەوەی ئەم کتێبە، بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە دنیابینیتاندا ڕوو دەدات، ژیانێکی باشتر و شیرینترتان دەبێت.

سوپاستان دەکەم لەبەر ئەوەی کات و پارەتان دابین کردووە بۆ خووێندنەووەی ئەم کتێبە، هەروەها سوپاستان دەکەم لەبەر ئەو

بوێریی و ئازایەتییەی کە لە خۆتان نیشانتانداوە و دەتانەوێت لەم بوارەدا مرۆڤێکی باشتر لەخۆتان دروست بکەن. گەورەترین خزمەت بەمرۆڤایەتی ئەوەیە کە سەرەتا گۆڕانکاریی لەخۆمانەوە دەست پێ بکەین.

بەرلەوەی بڕۆینە ناوەڕۆکی بابەتەکەمانەوە، دەمەوێت بۆتان ڕوون بکەمەوە کە ئەو شێوازەی من بۆ گەیاندنی بابەت و زانیارییەکانم هەڵمبژاردووە، شێوازێکە بەناوی (ئەکسلەرێیتد لێرنینگ accelerated learning) بە کوردی واتە: فێرکایی خێرا، لەم شێوازەدا من زیاتر پرسیاردەکەم، بۆچی پرسیاردەکەم؟ لە زمانی ئینگلیزیدا دەڵێن:

(question hook the maind) واتە: پرسیار وەك قولاپ لە مێشك گیر دەبێت، ئێوە ئێسات حەزتان لە چییە بیری لێ بکەنەوە..

پرسیار: ببورە، ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟

ئایا ئێستا دەتوانیت بیر لەو بابەتە بکەیتەوە؟ نەخێر، بۆچی؟ چونکە پرسیارمان کرد، هەرکاتێك پرسیاریان لێکردیت، زنجیرەی بیرکردنەوەکانت دەپچڕێت!

کەسانی سەرکەوتوو ئەوکەسانەن کە پرسیاری باش لە خۆیان دەکەن، کەسانی سەرکەوتوو کەسانێکن کە پرسیاری گەورەیان هەیە، بۆنموونە: پێغەمبەران، فەیلەسوفان، عارفەکان، زاناکان، داهێنەرەکان، ڕێبەرەکان، ئەمانە کەسانێك بوون پرسیاری گەورەیان هەبووە، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە هێندە گەورە بوون، تۆیش هەر پرسیارێك لە مێشکت بکەیت وەڵامت دەداتەوە، ئێمەش دەبێت پرسیاری گەورە و پرسیاریی باش لە خۆمان بکەین.

نوکتەیەك هەیە، دەڵێت: (پیاوێك ئاهەنگێکی بۆ سییەمینساڵی زەماوەندەکەی سازکرد، سەروەختی هێنانی کێك و مۆمەکانیان، هەر لەخۆوە دەستی کرد بەگریان! هەموان کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە و گوتیان: چییە فرمێسکی شادییە؟! گوتی: نا، خەم دایگرتم! گوتیان: بۆچی خەم دایگرتی؟! گوتی: لەسەرەتای زەواجەکەماندا بڕیارمدا ژنەکەم بکوژم، پارێزەرێك گوتی ئەگەر بیکوژیت، سی ساڵ دەچیتە زیندانەوە، منیش ئەگەر ئەو کاتە بمکوشتایە، ئەم شەو بۆ خۆم ئازاد دەکرام.)

لەم نوکتە تاڵەدا چ مانایەك شاردراوەتەوە؟ بۆچی کاتێك دوو کەس عاشق دەبن، خۆیان بۆ یەکتری دەکوژن و بۆ یەکتری دەمرن؟! هەرچی دایکوباوکیان پێیان دەڵێن، وەری ناگرن، دەڵێن نا، تۆ تێناگەیت دایە، یان باوکی دەڵێت کوڕەکەم ئەمە بەکەڵکی تۆ نایەت، کوڕەکەیش دەڵێت خۆت ژنت هێناوە بە من دەڵێیت؟! هەرچی دەڵێن گوێناگرێت، دوایی چۆن ئەم نوکتەیە دروست دەبێت، خۆزگە بمکوشتایە ڕزگارم دەبوو؟! ئایا ڕۆژی یەکەم کە هاوسەرگیری دەکەن بۆ ئەوەیە کە یەکتریی بکوژن؟

من هاوڕێیەکم هەبوو منداڵیان نەدەبوو، ڕۆژێك گوتی: "بەڕاستی ژنان وەك جاڵجاڵۆکەی مێینە وان، (جاڵجاڵۆکەکان کاتێك پێکەوە جووت دەبن، دوای جووتبوونەکە مێیەکە نێرەکە دەخوات،) ژنیش هەروایە، پیاو دەخوات!"

یەکێك پێی گوت: فڵان کەس ئەی بۆچی ژنەکەت تۆی نەخواردووە؟ گوتی ئاخر هێشتا ئێمە جووت نەبووین.

لەبیرتان نەچێت' تەواوی ئەوشتانەی کە ڕوو دەدەن، بەدەست خۆمانە، ئێمە بکەرین، بەڵام نامانەوێت ڕۆڵی خۆمان قبووڵ بکەین.

ئێمە سەرەتا دەبێت پرسیار لەخۆمان بکەین کە ئەسڵەن بۆچی زەواج دەکەین؟ کێ گوتوویە دەبێت زەواج بکەین؟ ڕەنگبێت بڵێین:

بۆ ئەوەی لە تەنیایی بێینەدەرەوە، بۆئەوەی کامڵ بین، بۆ ئەوەی وەچە بخەینەوە...هتد. (بەڵام لە ڕاستیدا زەواج واتە جووت بوون!) دەمانەوێت کامڵ بین، دەمانەوێت بەردوام بین...هتد.

ئەمانە هەمووی تەدبیر و لێکدانەوەن، واتە ئەندێشە و خەیاڵێکە، پلان و فێڵی غەریزەکانە، بۆچی؟ چونکە ئەگەر زەواج تەنیا بە مەبەستی جووتبوون بێت، ئیتر پێویست ناکات پێکەوە بین.

ئێمە لە دانەبەدانەی خانەکانماندا شتێك هەیە بەناوی (ناوك)، لەناوکدا کرۆمۆسۆم هەیە، کرۆمۆسۆمەکان دەیانەوێت گەشە بکەن و پەرە بە خۆیان بدەن، تەوای ئەمانە پلان و تەدبیری کرۆمۆسۆمەکانە، کاتێك منداڵتان بوو، کرۆمۆسۆمەکانتان دەگوازرێنەوە بۆ وەچەیەك کە دەتوانێت تا پەنجا بۆ سەدساڵی دیکە درێژە بکێشێت، تۆ لەنێو دەچیت، بەڵام ئەوان لە جەستەی تۆ خۆیان ڕزگار دەکەن، ملیاران ساڵە کرۆمۆسۆمەکان خەریکن خۆیان ڕزگار دەکەن، بەشێوەیەك کاردەکەن و تەدبیر دەکەن، کە زیندوو بمێننەوە. واتە کرۆمۆسۆمەکانی سەرەتای مرۆڤایەتی

هێشتا لە ئێمەدا هەن و هۆشمەندانەیش هەستێك لە ئێمەدا دەورووژێنن کە عاشقمان دەکەن، تینومان دەکەن، برسیمان دەکەن، نەرمونیانمان دەکەن.... هتد. بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە زەواج بکەین. زۆرباشە، تائیرە بۆمان دەرکەوت کاری غەریزەکان چییە.

بەڵام لە زەواجدا پێنج قۆناغ هەیە کە سەرەتاکەی بە عەشقی کوێرانە دەست پێ دەکات، واتە کاتێك بۆ یەکەم جار کەسێك عاشق دەبێت ،هەرچی پێ بڵێین لە هیچ حاڵی نابێت، هەرچی پێی دەڵێین کاکە ئەمە بە کەڵکی تۆ نایەت، دەڵێت لێم تێناگەن، ئێوە نازانن حاڵی من چۆنە... هتد. ڕاستیش دەکات، چونکە مادەیەك هەیە بەناوی (ئۆکسی تۆسین) لە خوێنیدا بەرز دەبێتەوە، کە ئەگەر هەر ئێستا بیدەن لە من و تۆ، عاشق دەبین! هەر ئەم مادەیەیە وا دەکات دایك شیر بدات بەمنداڵەکەی، هەر ئەم مادەیەیە هانماندەدات بۆ جووتبوون، بەڵام ئایا ئەوە بەسە کە من تەنیا بۆ مانەوەی ڕەگەزی خۆم زەواج بکەم؟ بێگوومان نەخێر. ئێستا مرۆڤ باش لەمە تێگەیشتووە، سەردەمانی کۆن کاتێك ئێمە زەواجمان دەکرد، گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگەدا زۆر هێواش و لە سەرخۆ بوون، بەڵام ئێستا ڕووداوەکان زۆر خێرا و تیژن، کاتێك ئێمە تەنیا لەبەر سێکس زواج بکەین، ئەوپەڕی ئەوپەڕی

بەرگەگرتنی ژیانمان ساڵێك یان دوو ساڵە، پاشان لەبەرچاو دەکەوین و دەبێزرێین، بۆچی؟ چونکە ڕەگەزی نێر، ڕەگەزێکی ڕاوکەرە، ڕەگەزی مێینەش ڕەگەزێکە تایبەتمەندی نێچیری هەیە و دڵبەری دەکات، بۆ نموونە ئەگەر خانمێك بێت و لەبەردمتدا چۆك دابدات و پێت بڵێت ئازیزم توخوا زەواجم لەگەڵ بکە، من تۆم خۆشدەوێت، من بۆت دەمرم... ئیتر ئەو خانمە لەبەرچاوی پیاوان دەکەوێت، یان ئەگەر پیاوێکیش بە پێچەوانەی ڕەفتاری ڕاوکەرانەوە هەڵسوکەوت بکات، دیسان لەبەرچاوی خانمان دەکەوێت، بۆچی؟ چونکە لەپشت ئەم ڕووداوانە، چەند تەدبیرێك خۆیان حەشارداوە، ئەم تەدبیرانەش هی سەردەمێکن کە ئێمە وەکوو ئێستا پێشکەوتوو نەبووین، چل پەنجا هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەو سەردەمە ئێمە وەکوو کێویی دەژیاین، بەڵام هەر ئەو تەدبیرانەن کە ئەمڕۆ من و ئێوەش بەڕێوەدەبەن، ئەو تەدبیرانە چین؟

کاتێك کە زەواج دەکەین یەکەمین قۆناغ چی دەکەین؟ دوای یەکتر بینین و یەکتر پەسەندکردن و بەساقە و بەقوربانی یەکتربوون، کاتێك دەمانەوێت بە یەك بگەین، دەچینە خوازبێنی و لە دادگا مارەی دەکەین.

بەڵام لەسەردەمانی زوودا دادگا نەبوو، لەپشتی قورئانێك دەیاننووسی ئەم دوو کەسە زەواجیانکردووە، گرێبەست و تۆمارکردن نەبوو، بۆ ئەوەی گرەنتی ئەوە بکەن کە ئەو دوو کەسە پێکەوە بمێننەوە و کەس بێزاریان نەکات، واتە ڕاوکەرێکی دیکە نەیەت بۆ لای خانمەکە و کوڕەکەیش نەچێت بەرەو نێچیرێکی تر، لە مەجلیسێکدا ئاهەنگێکی بچووکیان ساز دەکرد و شێو شیرینیان دەدا و بە ئاشکرا لەناو کۆمەڵێکدا ڕایاندەگەیاند کە ئەم دووانە بوونە ژن و مێرد، چونکە ئەوانیش خواردنی ئەمانیان دەخوارد لە ڕووی دەروونییەوە، پەیوەست و پابەند دەبوون بەو زەواجەوە، ئیتر دەبوو هەموو کوڕەکان چاو لەو کچە بپۆشن و هەموو کچەکانیش دەبوو چاو لەو کوڕە بپۆشن، چونکە ئەم دووانە ئیتر زەواجیانکردووە.

بەڵام ئێستا مەسەلەی زەواج ئەم شتانەی ناوێت، دەتوانین بچین بۆ دادگا و بەبێ هیچ ڕێوڕەسمێك زەواج بکەین، هەر بەم شێوەیە ئێستا خەریکە مەراسیمەکان لانیکەم لە ڕۆژئاوادا کاڵ دەبنەوە. سەردەمەکە گۆڕاوە و بەردەوامیش دەگۆڕێت، پێویستە کوڕ و کچە گەنجەکانمان بزانن کاتێك کە عاشق دەبن. ئیتر بە دەست خۆیان نییە، لێرەدایە کە دەبێت بەڕاستی گوێ لەم قسەیە

بگرن: لە یەکێك لە ئەفسانەکانی یۆناندا پێم وایە (ئۆلیز) بووە، ئەو زۆر حەزی لەوە بوو کە سەردانی دوورگەی (سیرینەکان) بکات، سیرینەکان کەسانێك بوون شەیپوریان لێ دەدا و خەڵکی پیاڵخۆشبوو، کاتێك کەشتییەکان دەهاتن بەرەو ئەو دوورگەیە تا گوێ لەو دەنگ و ئاوازە ئەفسووناوییە بگرن، ئەوانیش بەدیلیان دەگرتن و کەلوپەلەکانیان دەبردن و پاشان دەیانکوشتن! ئولیزیش بڕیاردەدات کە حەتمەن بچێت بۆ ئەو دوورگەیە و گوێ لە شەیپوریی سیرینەکان بگرێت، بەڵام پێی دەڵێن گوێی لێنەگریت، ئەگەر گوێی لێبگریت، مەست دەبیت و دەڕۆیتە ناویانەوە و ئاگات لەخۆت نامێنێت و ئەوانیش دەتکوژن، ئەویش فەرمان بە مەلەوانی کەشتییەکە دەکات، تەواوی مەلەوانەکان (مۆمیان) بکەنە گوێیانەوە، بەشێوەیەك کە گوێیان لە دەنگی سیرینەکان نەبێت، ئینجا دەڵێت منیش بەستوونی کەشتییەکەوە ببەستنەوە تا نەتوانم هیچ شتێك بکەم، دەمیشم ببەستنەوە تا نەتوانم فەرمان بکەم، ئینجا بە تەنیشت دورگەی سیرینەکاندا تێدەپەڕین، چونکە بەم جۆرە ئیتر من دەنگی سیرینەکان دەبیستم و ناتوانم هیچ بڵێم و هیچ بکەم، ئێوەش نایبیستن و دەتوانن کاری خۆتان بکەن، بەم

شێوەیە توانی دەنگی شەپپورەکە ببیستێت و بە تەنیشت مەترسیەکەدا تێپەڕێت.

تۆیش پێویستە هەر کاتێك کە ویستت زەواج بکەیت، بۆ ئەوەی نەکەویتە داوی غەریزەکانتەوە، بەجۆرێك خۆت بە ستوونێکەوە ببەستەرەوە و کارێك بکە، کەس گوێی لە قسەکانت نەبێت، تا نەتوانیت فەرمان و هات و هاوار بکەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت بڕیاری دروست بدەیت، ئەگینا کاتێك ئەو ئاگرە کوژایەوە، تەنیا ئاهێکی ساردە! ناڵێم نابێت ئیحساست هەبێت، ئیحساست گرنگە، دەبێت هەتبێت. بەڵام لە زەواجدا حەتمەن دەبێت ئاگات لەم خاڵە بێت، پێویستە دایکوباوکەکان بەر لە تەمەنی باڵقبوون ئەمانە بدەن بەگوێی منداڵەکانیاندا و ئامادەیان بکەن.

ئەو کاتەی من ویستم زەواج بکەم، ڕاوێژم بە چەند کەسێك کرد و چەند هەڵبژاردنێکم لەبەردەست دا بوو یەکێکیانم بە دڵ بوو، بەمنیان گوت ئەمەیان لەویان باشترە، منیش بیرم کردەوە، لە زەواجدا دەبێت بە دروستی بڕیار بدەیت، نەوەك بە غەریزە، چونکە کاتێك ئاگری غەریزە کڵپەی سەند، ئیتر ناتوانیت بەرانبەری ڕاوەستی و شەڕی لەگەڵ بکەیت.

بێگومان تەواوی ئەم باس و خواستانەش بۆ ئەوەیە کە خێزانێکی ئاسوودەمان هەبێت، هیچ کۆمەڵگەیەکیش ناتوانێت ئاسوودە بێت، مەگەر ژنان و پیاوان لە ژێر سەقفێکدا پێکەوەئاسوودە بن، ئەگەر ویستیان منداڵیان ببێت، دەبێت منداڵەکانیان شایستە و بەختەوەر پەروەردە بکەن، ئەگەر جگە لەمە بێت، ئەو کۆمەڵگەیە نا بەختەوەرە، واتە ئێوە ئەگەر خۆشبەخت بن، کۆمەڵگەش خۆشبەختە، ئێوە ناخۆشبەخت بن، کۆمەڵگەش ناخۆشبەتە، هەرکارێك دەکەین ،دەبێت بەهای خێزان بزانین، بەداخەوە، من ئاماری ئێرانم لانییە، بەڵام لە ئامارێکی ئەمریکادا لە ماوەی یەك دوو ساڵدا، نیوەی هاوسەرگیریەکان تێك دەچێن و بە جیابوونەوە کۆتاییان دێت! ڕێژەی ناوەندی تەمەنی هاوسەرگیری ئەمڕۆ لە ئەمریکادا نۆ ساڵ و نیوە، بەڵام من لە ئێران ژن و مێردێك دەناسم پەنجا و پێنج ساڵە پێکەوە دەژین و عاشقی یەکتریشن، ئێمەش دەتوانین لێیان بپرسین چییان کردووە؟ ئێمە دەتوانین تەمەنی هاوسەرگیریەکانمان درێژ بکەینەوە، هەروەها بەدەست خۆمانە، کە زەواج بکەین بە دۆزەخی عەشق، یان بیگۆڕین بۆ باخی عەشق، یەکەم هەنگاویش ئەوەیە کە هەنگاوت ناوە و ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە.

سەرچاوەی ڕووبارێك لەبەرچاو بگرین کە لە شوێنێکەوە دەست پێ دەکات و لە شوێنێکی تر کۆتایی پێ دێت، لەو شوێنەی کە هەڵدەقوڵێت جۆگەیەکی نەرمی باریکی هێواش دێت تا دەگات بە جێگەیەك کە بەردەڵان و تاڤگە و بەرزییە و دەڕژێتە خوارەوە، پاشان هێواش هێواش دەگاتە جێگەیەك ئارام دەبێتەوە و دەچێتە زەریاوە، بەسەرهاتی زەواجیش هەر بەم چەشنەیە، سەرەتاکەی زۆر نەرمونیان و جوانە، پاشان دەگاتە بەردەڵان، هات و هاوار و شەڕ دەست پێ دەکات، هاوسەرەکان دەکەونە تانەدان لە یەکتری: لە دەستت ماندوو بووم، ڕەزای دایکت خواتەوە، ڕەزای باوکت خواتەوە، تۆ وەعدی چیت پێدام؟! خۆزگە دەستم بشکایە و ئیمزام نەکردایە، خوازبێنیکەری وام هەبوو سەد جار لە تۆ باشتر بوو، من کوێر بووم نەمزانی، من بێ عەقڵ بووم، نازانم بۆچی لەگەڵ ئەمە زەواجم کرد؟ ئاخر ئەمە شتبوو من زەواجم لەگەڵ کرد.. هتد، پاشان هێواش هێواش دەکەونەخوارەوە، هەندێکیان لەوێدا جیادەبنەوە و لەنێوو دەچن، هەندێکیش خۆیان کۆ دەکەنەوە و پاشان وردە وردە نەرم دەبنەوە تا هاوسەرگیریەکی باش و تەندروست دەکەن و هاوسەرگیریەکەیان بە زەریای ئارامی و دڵنیایی دەگات. زەریای دڵنیاییش بریتییە لە خێزانێکی ئارام و

بەختەوەر، ئێمە دەبێت وەك مرۆڤیکی عاقڵ لە زەواجدا بەدوای شتێکی گەورەتر لە سێکسەوە بین، لە زەواجدا تەنیا چاو و برۆ مەرج نییە، دەبێت شتانێکی بەهێزترمان بووێت، پێویستیمان بە چەمکی تازە و مانای قوڵتر هەیە، تاوەکوو خۆشبەختمان بکات و چێژ وەربگرین.

هاوڕێیانی ئازیز، من زۆر مافی ئەوەم هەیە لێرەدا باسی زەواج بکەم، چونکە دوای سیانزە ساڵ لە هاوسەری یەکەمم جیابوومەوە، بەڵام لە زەواجی دووەمدا خەریکبووم ئەزموون و هەڵەکانی ڕابردووم دووبارە دەکردەوە، ڕۆژێك دایکم گوتی: مەحموود؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: تۆ خەریکی هەمان ئەو هەڵانەی لەگەڵ هاوسەرەکەی پێشووتدا کردت لەگەڵ ئەمیشدا دەیکەیتەوە! ئیتر نەڵێیت خەتای ئەو بوو، (هەڵبەت من هیچ کات نەمگوتووە ئەو تاوانبار بوو) من لەوە تێگەیشتم خەریکم بەهەمان ڕیگەدا دەڕۆمەوە، کاتێك ڕێگاکەم گۆڕی ژیانم باش بوو، ئێستا یەکێك لە خۆشترین سەعاتەکانی تەمەنم ئەوەیە کە دانیشم و قسە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بکەم، من هیچ کارێك لە ژیانمدا ناکەم ئەگەر ڕاوێژ بە ژنەکەم و کچەکەم نەکەم، چونکە تێڕوانینی ئەوان جیاوازی

هەیە لەگەڵ تێڕوانینی من، ئەوان چەند شتێك دەبینن کەمن ناتوانم بیانبینم، ئەوان لێهاتووییەکیان هەیە کە من نیمە.

مامۆستایەکمان هەبوو دەیگووت: "ژیان وەك ئەمامێك وایە، کاتێك زەواج دەکەیت ئەمامێك دەڕوێنیت، هێشتا عەقشقێك لە ئارادا نییە." هەر بەڕاستی ئەوانەی کە زۆر ژیاون، دەزانن کە هاوسەرەکەیان ئێستا دوای زیاتر لە بیست ساڵ یان سی ساڵ، زیاتر خۆش دەوێت، تا ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەم جار بینیویانە، مەبەستم ئەوانەیە کە بە دروستی ژیاون. ڕۆژی یەکەم تەنیا قەد و باڵا و چاو و برۆ و ئەم شتانە بوو، واتە غەریزە، هەڵبەت دەکرێت هەندێك شتی دیکەش هەبوو بێت بەڵام پلانی غەریزە بووە، بەڵام ئێستا بەهۆی ناسینە، ئێمە کاتێك دەڵێین دەمانەوێت عاشقانە بژین، مەبەستمان چییە؟ ئایا عاشقی یانی ئەوەی هەرچی ئەو گوتی من بڵێم تۆ ڕاست دەکەیت؟ یان هەرچی من گوتم ئەو بڵێت تۆ ڕاست دەکەیت؟ ئایا بەمە دەوترێت عاشقبوون؟ ئێستا کاتی ئەوە نییە کە ئێمە سەبارەت بە عەشق لەم کتێبەدا بە دوور و درێژی قسە بکەین، بەڵام زۆر بە کورتی ئاماژەیەکی پێ دەدەم، پرسی عەشق لە (مەکتەبی کەماڵ)دا واتە: (من)، زانیدەن (تۆ)، یەکسانە بە (ئێمە). عەشق واتە (ئێمە). ئەگەر ئەم هاوکێشەیە

بەهەر شێوەیەك تێك بچێت، واتە ئەگەر ببێت بە (من) زائیدەن (من)، دەبێت بە (سفر). (تۆ)، زائیدەن (تۆ)، لە عەشقدا (سفرە). (تۆ) و (تۆ)، ناکاتە دووجار (تۆ). (من) و (من)یش، هەر (سفرە). عەشق واتە: (من و تۆ). (عەشق واتە هونەری پێکەوە ژیان)، (عەشق واتە قبولکردنی یەکتر)، ئەگەر لە عەشقێکدا (تۆ) بسڕێتەوە، دەبێت بە دوو (من)، ئەگەر (من) بسڕێتەوە دەبێت بە دوو (تۆ)، کە هیچیان (عەشق) نییە.

کەواتە: (عەشق واتە من و تۆ.) هەر کاتێك یەکێك لەم دوو لایەنە لە نێو بچێت عەشق دەڕوات، ئیتر عەشق نییە، ئێمە دەسەڵاتخوازیمان لێ بووە بە عەشق! هەیە دەڵێت من هەرچیم گوت بڵێ تۆ بڵێ بەسەرچاو! جا ئەگەر وابێت ئەم کەسانە نۆکەر یان خزمەتکار بگرن باشترە، پارەی دەدەنێ و دەبێت بیمەیشی بکەن، ئەگەر ئیشی زۆریشی پێ بکەن، شکاتیان لێ دەکات.

لە کلتوریی ئێمە، پێمان وایە بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە، زۆربەی پیاوان دەڵێن ئەم دایکە نازانم چ توانایەکی هەیە؟! منداڵی دەبێت و ئەسڵەن ماندووبوون ناناسێت، کە ئەمە یەکێکە لە قسە هەرە بێ ماناکان، ئەویش ماندوو دەبێت، خەوی دێت، دەبێت یارمەتی بدەین، کێ دەڵێت ماندوو نابێت؟

مەسەلەی ژن و مێردایەتی بریتییە لە پەیوەندییەك کە لەسەر ڕێز و حورمەتی دوولایەنەیە پێك دێت و بە هیچ شێوەیەك فەرمان و دەستووریی تێدانییە، ئێمە دەبێت ئەم پێوەرانە لە زەینماندا بگۆڕین، من گەورەترین کێشەی ژیانم لەگەڵ هاوسەری یەکەممدا ئەوە بوو، کە هەندێك بیروباوەڕی هەڵەم هەبوو سەبارەت بە زەواج و ژن و مێردایەتی، بەکەڵك نەدەهاتن، منداڵمان هاتبووە دنیاوە من هەر وەکوو گەنجی ڕەفتارم دەکرد، هیچ ئاگام لەوە نەبوو کە ئیتر من بووم بە باوك و بەرپرسیارێتیم لەسەرە! بۆنموونە دەمگوت: بابە من خەوم دێت، بەیانی ئیشم هەیە...! ئێ باشە من ئیشم هەیە بەڵام منداڵیشم هەیە، لە دۆخێکی وادا دەبێت یارمەتی خیزانەکەم بدەم، یان دەبێت داوا لە دایك و باوکم یان کەسێکی دیکە بکەم یارمەتی بدەن، ئەگەر کەسێك نەبوو دەبێت خۆم یارمەتی بدەم، یان بۆ نموونە، ئێمەی پیاوان زۆربەمان گاڵتە بەو پیاوانە دەکەین کە منداڵەکانیان دەشۆرن! بۆچی عەیبە بیشوات؟ مەگەر شۆردنی منداڵی خۆمان کێشەی چییە؟ من زۆر جار منداڵەکەی خۆم دەشۆرم و شانازیش بەم کارەمەوە دەکەم، هەر ئەم باوەڕە هەڵانەیە کە دەبنە هۆی ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ هاوسەرەکەماندا خراپ بێت، پیاو هەمیشە دەڵێت من دەخەوم و

حەزم لە چی بێت ئەوە دەکەم، هاوسەریشی ناچارە لە بەیانییەوە تا ئێوارە هەموو ئیشەکانی ناو ماڵ خۆی بیکات!

من هاوسەرەکەم کێشەیەکی هەبوو، بۆ ماوەیەك لە ماڵەوە نەبوو، ئەو ماوەیە من ئیشی ناوماڵم دەکرد، خوا ئاگادارە دەمگوت، خوایە گیان هەر دەردێك بۆ ژنەکەم دێت، بینێرە بۆ من، نەخۆشی زۆر خۆشترە لە ماڵداریی! بە خوا بە ڕاستمە، گسك بدە، ماڵ خاوێن بکەرەوە، ئینجا با قاپ و قاچاخی پیس لەولاوە بووەستێت، دەیانشۆریت وا دەزانیت تەواو بوویت، دیسان قاپی دیکە دێت، هەر وا یەك بەدوای یەکدا ئیش دێت، تەلەفوون جەرەس لێ دەدات جوابی بەرەوە، پارەی ئاو و کارەبا بدە، منداڵ بەرە بۆ قوتابخانە، ئاو بێنە و ئاو بگرە... هتد، ئەسڵەن ئیشەکان یەك و دوان نین، بەڕاستی ئێمەی پیاوان دەبێت ئینسافمان هەبێت بەرانبەر بە خانمان، ئەگەر ژن و پیاو عەشقیان هەبێت بۆ یەکتریی تێ دەگەن دەبێت هاوکاریی یەکتریی بکەن، لە ژیانێکی وادا پیاویش تێ دەگات کە هاوسەرەکەی ئەویش پێویستی بە پشوودانە، کاتێك کە ژنان حاڵیان باش نییە و شەکەت و ماندوون، پیویستە پیاو بڵێت خانم یەك هەفتە بڕۆ بۆ گەڕان من

ئاگام لە منداڵەکان دەبێت، بڕۆ بۆلای براکەت، بڕۆ بۆلای خوشکەکەت، بڕۆ بۆ هەر شوێنێك تێیدا دڵت ئاسوودەیە.

بەڵام عەشق بەرهەمی ئاسینە، عەشق بەرهەمی ژیرییە، واتە: کەسی دانا عاشق دەبێت، کەسی بە ئاگا عاشق دەبێت، ئێمە دەوروژێین یان ئارەزووی سێکسمان هەیە، دەڵێین عاشق بووین! سەرچاوەی ئەم عەشقە حەزێکی سیکسییە کاتێك پێی گەیشتی ئیتر عەشقێك لە ئارادا نییە، بەڵام کاتێك عاشقی هەمیشە لەوەی لەگەڵیدایت، چێژ وەردەگریت، کاتێك خواردنیش دەخۆیت حەز دەکەیت لەگەڵ ئەو خواردن بخۆیت، عەشقیش پلەی هەیە، عەشق، ئەوە نییە لەسەرەوە بێت بۆ خوارەوە، لە خوارەوە دەست پێ دەکات بەرەو باڵایی.

مەرجەکانی ئێمە بۆ هاوسەر چییە؟ ئێمە چۆن هاوسەر هەڵدەبژێرین؟ غەریزەی هەڵبژاردنی هاوسەر لە هەر یەکێك لە ئێمەدایە، پیاوان کاتێك دەیانەوێت زەواج بکەن مەرجەکانیان چییە؟ ڕەنگ بێت بڵێیت جوانییە، ئەی جوانی چییە؟ پێناسەی جوانی واتە: (تەندروستی) لە سروشتدا هەر شتێك، هەر بوونەوەرێك، هەر مادەیەك ،یان هەر شتێك کە تەندروست بێت، جوانە، پاشان ئێمە هاتووین هەندێك شتمان بۆ زیاد کردووە، بەڵام

ئەمە پێناسە زانستی و ڕاستەقینەکەیەتی. کاتێك لە تێڕوانینی تۆدا کەسێك جوانە، واتە بەڕای تۆ کەسێکی تەندتوستە. جیناتەکانی تەندروستە و جیناتەکانی تۆیش تەندروستن و دەتانەوێت بەیەك بگەن و منداڵێکی تەندروست بهێننە دونیاوە، ئیستا با نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە: وا بزانن من ئێستا لەبەرچاوی ئێوەدا ڕاوەستاوم و نمرەیەك بەڕواڵەتی من بدەن، لە نێوان سفر تا دە، نمرەکە ئەگەر دە لە دەیش بێت، واتە لەسەدا سەد تەندروستیش بم، بەڵام ئەگەر دەم و چاوم پیس بێت، یان جلەکانم نا ڕێك و پێك بێت و ئەگەر دەمم بۆنی لێ بێت، لە جوانییەکەم کەم دەکات، چونکە لە سروشتدا جوانی واتە سەلامەتی و تەندروستی.

ئیستا با کەمێك جدی تر قسە بکەین، پیاوان لە کاتی زەواجدا چیان لە خانمەکان دەوێت؟ سەرەتا کە دەیانەوێت زەواج بکەن، چییان دەوێت؟ نەجابەت، خۆشەویستی، سێکس، میهرەبانی، دایکایەتی، چێشت لێنان، ماڵداریی و چەند هەلومەرجێکی دیکە...، بەڵام تەواوی ئەم هەلومەرجانە، لە یەك شتدا کورت دەبێتەوە، ئەزموون نیشانیداوە زۆربەی پیاوان کاتێك زەواج دەکەن، پەسەندکردنیان دەوێت! زۆربەی پیاوان کێشەیان

لەگەڵ ژنەکانیان ئەوەیە کە ژنەکانیان پەسەندیان ناکەن! دەڵێن ئەوەندە بەدەستهێنانی پەسەندکردنی هاوسەر سەختە، بەدەست نایە! خانمەکان بە ئاسانی هاوسەرەکانیان پەسەند ناکەن، هەمیشە ڕەخنە دەگرن، ئەو شتەی کێشە دروست دەکات پەسەندکردن نییە، ئەگەر کەسێك کارێکی باش دەکات، دەبێت پەسەندی بکەین، بەڵام هەندێك جار ئێمە بۆیە پەسەندی دەکەین، بۆ ئەوەیە شتێك بە دەست بهێنین، کاتێك ئەویش دەزانێت، گرانفرۆشی دەکات! پەسەندکردن واتە قبوڵکردنی هەر بەو شێوەیەی کە هەیە، پیاو پەسەندکردنی دەوێت.

با چیرۆکێکی سادەتان بۆ بگێڕمەوە بۆ ئەوەی هەمیشە لە یادتان بێت کە ژن و مێردی باش پێکەوە چۆنن: کەڵەشێر کاتێك لە شوێنێکدا دان ببینێت، دەنوك لە زەوی دەدات و دەست بە قوتەقوت دەکات و مریشکەکان دێن دەیخۆن، ئەویش سینگ دەردەپەڕێنێت و دەقوقێنێت، واتە چی دەوێت؟ پادشایی دەوێت، ئەمەش خەسڵەتی دووەمینە جنسییەکانە لە سروشتدا، پیاوانیش هەڵگری ئەم خەسڵەتەن، ڕۆژێك مامۆستای وانەی فیسیۆلۆژی ئاژەڵمان باسی خەسڵەتە دووەمینە ڕەگەزییەکانی مرۆڤی دەکرد، دەیگوت کاتێك مرۆڤ باڵق دەبێت، هەندێك خەسڵەت پەیدا دەکات

کە تەنیا تایبەتە بە ڕگەزی خۆی، یەکێك لەوخەسلەتانە خەسلەتی دەروونین، گوتی: بۆ نموونە، خانمەکان کاتێك بالغ دەبن، حەزدەکەن بکەونە ژێر پارێزگارییەوە، پیاوانیش حەز دەکەن پارێزگاریی بکەن، یەکێك لە خوێندکارەکانیش کە پێمان دەگوت (شێخ تالیب)، حەزی دەکرد ورگی هەبێت و ببێت بە شۆفێری گەلابە، باوکی سێ چوار ژنی هێنابوو، ئەویش زۆر دڵگران بوو لە باوکی، پاشان مامۆستاکەمان گوتی بۆ نموونە: کاتێك ڕۆژێکی باراناوییە، پیاوەکە چاکەتەکەی بەری دەردەهێنێت و دەیدات بەسەرشانی خانمەکەیدا تا سەرمای نەبێت و تەڕ نەبێت، ئەمانە خەسلەتی دووەمینی ڕەگەزێکن، (شێخ تالیب) قاقا دەستی کرد بە پێکەنین. مامۆستاکەمان گوتی تالیب بەگ بەچی پێدەکەنیت ؟! گوتی: باوکمم بیرکەوتەوە، هەر خانمێکی دەبینی حەزی دەکرد چاکەتەکەی بدات بەسەر شانیدا... ئەمە حەقیقەتە پیاوان پەسەندکردنیان دەوێت!

من کاتێك لەگەڵ هاوسەری دووەمم زەواجم کرد، چونکە ئەزموونێکی پێشترم هەبوو، گوتم: خانم سەیرکە، من دەمەوێت پادشا بم، هەڵبەتە مەبەستم ڕژێمی پادشایی نییە، دەمەوێت پادشا بم و تۆیش وەزیر بیت، تەواویی بڕیارەکان تۆ دەری

دەکەیت، بەڵام دواجار بیدە بە من با منیش ئیمزایەکی لەسەر بکەم...، دیموکراسییە، واتە: هەموو بڕیارەکان لای تۆن، بەڵام ڕێزی منیش بگرە، ئەوکاتە پێکەوە باش دەگونجێن. ئەو هەمیشە ڕێزی منی لایە، چونکە من پێم گوتووە کە چیم دەوێت.

پەسەندکردن کلیلە، جا ئیتر پەسەندکردن بە خواردن بێت، بە سێکسکردن بێت، بە گرنگی پێدان بێت، یان بە دیارییەك بێت...، هتد، بەڵام پێویستە خانمان پیاوان پەسەند بکەن، دەگوترێت ئەوەندە بەدەست هێنانی پەسەندکردن سەختە، یەکەمین موعجیزەی پێغەمبەری ئیسلام ئەوە بوو کە خێزانەکەی باوەڕی پێ هێنا! چونکە یەکەمین کەسێك باوەڕی بە پێغەمبەر هێنا خیزانەکەی بوو، واتە ئەمە بە موعجیزە دادەنێن! بە ڕاستیش سەختە هەر بۆیە لە یەکتریی تێناگەن.

بەڵام ئەی لە زەواجدا خانمەکان پێویستیان بە چییە و چییان دەوێت؟ سیقە، وەفاداریی، ڕاستگۆیی، تێگەیشتن، گرنگی پێدان، دابینکردنی خۆشگوزەرانی... هتد، کاتێك خانمێك دەیەوێت شوو بکات بۆنموونە: ئەگەر یەکێك لە خوازبێنیکەرەکانی مامۆستای زانکۆ بێت و یەکیکیان مامۆستای قوتابخانە بێت کامیان هەڵدەبژێرێت؟ مامۆستای زانکۆکە هەڵدەبژێرێت، یان دوو کەس

لە یەك دەچن، یەکێکیان ملیاردێرە و ئەوی دیکەیان وەزعی مادیی ئاساییە، کامیان هەڵدەبژێریت؟ ملیاردێرەکە، یەکێکیان بەهێزتر و بەخۆترە و یەکێکیان لاواز و بێ هێزە، بەهێزەکە هەڵدەبژێریت، تەواوی ئەمانە نیشانەی چییە؟ نیشانەی دڵنیایی security. چونکە خانمەکان لە زەواجدا بەشوێن دڵنیاییەوەن، دەیەوێت سواری کەشتییەك ببێت کە ناخوداکەی دەزانێت لێی بخورێت و شارەزای کەشتییەوانییە، دەیەوێت سواری فڕۆکەیەك بێت کە کاپیتانەکەی بەتوانایە، ئایا تۆ سواری فڕۆکەیەك دەبیت ئەگەر کاپتانەکەی چاکەتەکەی دابێت بەسەر شانیدا و پێڵاوەکانی کردبێتە سەر پێیەوە و قژی دانەهێنابێت؟ نەخێر، توشی دڵەڕاوکێ دەبیت، ئەگەر فڕۆکەوانەکە بێت و بڵێت بەڕێزان دەفڕین، لەهەرکوێ حەزتان لێبوو دەنیشینەوە، یاخوود بڵێت چیتان حەز لێیە باری بکەن لە فڕۆکەکە.. هەتا وا بێت زیاتر هەست بە نادڵنیایی دەکەن، لەگەڵ ئەوەی خەریکە چاکەتان لەگەڵ دەکات! ئێوە دەتانەوێت لەو سەفەرەتاندا هەست بە ئارامی بکەن، هەر بۆیە کاپیتانی کەشتی یان کاپیتانی فڕۆکە، جلوبەرگی شێوە سەربازییان هەیە، یەك پۆشن، کڵاویان لەسەردایە، بۆ ئەوەی تۆ متمانەیان پێ بکەیت. خاوێنن، ڕێك و پێکن، لەکاتی خۆیدا دێن،

ئەگەر ڕیشیشیان هەبێت خاوێنە، پیاوان وا دەزانن ئەگەر قۆز بن خانمان بەدڵیان دەبێت! بەدڵیانە، بەڵام ئەو کەسە هەڵدەبژێرن کە دڵنیاییان دەداتێ، ئەگەر دەتەوێت هاوسەرەکەت ئاسوودە بێت هێندە دڵەڕاوکێ مەهێنەوە بۆ ماڵەوە، ئەمەی کە پێتانی دەڵێم ناڵێم دروستە یان هەڵەیە، ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ چل هەزار ساڵ لەمەوبەر، ئەوسا خانمان لە ماڵەوە دادەنیشتن و ماڵدارییان دەکرد و پیاوانیش دەڕۆیشتن بۆ ڕاو، پاراستنی خێزان لە ئەستۆی ئەواندا بوو، ئەمڕۆ هێز تەنیا لە زۆری بازوو و ماسوولکەدا نییە، ئەمڕ هیز، زانستە، باری کۆمەڵایەتییە، سامانە، ناوبانگە، زۆر شتی تریش... ئەمانە بۆ ژن بە هێز لە قەڵەم دەدرێن، ئەگەر دەتەوێت کاتێک زەواجتکرد ژنەکەت کامەران و خۆشحاڵ بێت، هێندە توشی دڵەڕاوکێی مەکە، ئەوەندە مەڵێ ئەوەندەم هەیە و ئەوەم نییە... پارەی جێگیری خۆت بۆ ماڵەوەت خەرج بکە، ملیاردێکت دەستکەوت، ملیاردێک قەرزار بوویت، دەست لە خەرجی ماڵەوە مەدە، دەست لە ناوماڵەکەتەوە مەدە، هەندێک لە پیاوان دەڵێن ماڵەکە دەفرۆشین، دەیخەینە ئیشەوە... پیاوەکە بە وروژانەوە دەڵێت: ئەندەمان دەستدەکەوێت، سەیارە دەکڕین، دەچین بۆ سەفەر...هتد، بە

ژنەکەی دەڵێیت من بیرۆکەم هێناوە لەبری ئەوەی هانم بدەیت..

هەر بۆڵەبۆڵتە و ڕەخنەم لێدەگریت؟! بۆچی ئافرەتان ڕەخنە لەم کارانەی پیاوان دەگرن؟ لەبەر ئەوەی پیاوان خەریکن بەم کارانەیان یاری بە ئارامی ژنەکانیان دەکەن! ئەو پیاوەی ژنەکەی بە تەڵاقدان بترسێنێت، ئەو پیاوەی ژنەکەی بە دەرکردن بیترسێنێت، فاتێحەی بۆ ژیانی خۆی خوێندووە، لە بیرتان بێت هەر کاتێك کێشەیەك ڕوویدا لە نێوان ژن و پیاودا، ئەوە پیاوە دەبێت لە ماڵ بڕواتە دەرەوە، چونکە ماڵ پایتەختی ژنە، ڕاستییەکەشی هەر ئەوەیە، نەوەك لەبەر ئەوەی من لایەنگریی ژنم یان پیاو، مەسەلە ئەوە نییە، حەقیقەتی ژیان ئەمەیە، واتە ئەگەر ژن دەربکرێت و بچێت لە ماڵی باوکی بخەوێت، هێندە هەست بە دڵنییایی ناکات کە لە ماڵی خۆی بخەوێت، لە ماڵی خۆیدا زیاتر هەست بە دڵنییایی دەکات تا لە باشترین ئوتێلەکانی دنیا، چونکە ماڵ هی خۆیەتی، پەردەکانی خۆی هەڵیواسیوە، بە دڵی خۆی داینناون، هەر لەبەر ئەوەیە دەیەوێت زوو لە ماڵی خەسووی جیابێتەوە، لەبەر ئەوە نا، ڕقی لە خەسوی بێت، لەبەر ئەوەی دەیەوێت ماڵی خۆی و ژیانی خۆی دروست بکات، سەربەخۆ بێت، حەساری خۆی بکێشێت منداڵەکانی گەورە بکات و ژیانێکی خۆش بسازێنێت.. من زۆر

کەس ڕاوێژم پێدەکەن، باوەڕ بکەن ئێمەی پیاوان زۆر زۆر زۆر دورین لە دنیای خانمەکان، من تکام وایە و ئومێدەوارم بەدرێژایی ئەم باتە و بابەتەکانی داهاتوو بگەین بەم دەرەنجامە کە کاپیتانی کەشتی دەبێت توندوتۆڵ و خاوێن بێت، بە ئیرادە و جددی بێت، بەڵام ناتوانێت جنێوو بە موسافیرەکانی بدات و سووکایەتییان پێ بکات، جنێوودان و سووکایەتی پێکردن و بێئەدەبی، پێیناوترێت توندووتۆڵی، بەڵکوو ئەوە نەبوونی متمانە بە خۆ بوونە، هەمیشە خۆت بە کاپیتانی کەشتییەك بزانە کە ئەرکی سەرشانت پاراستنی گیانی سەرنشینەکانتە، دەبێت سەرنشینەکانت ئاسوودە و خۆشحاڵ بن، لە کاتی خۆیدا بۆیان ڕوونبکەیتەوە: ئەم کێوانەی دەیانبینن ناویان ئەوەیە، ئەم زەریایە وایە، ئێمە لە چ بەرزاییەکداین و ئەگەر شتێك ڕوویدا خەمتان نەبێت من لەگەڵتاندام، من دواین کەسێکم کەشتییەکە بەجێدەهێڵم.. دڵنیایی ببەخشە، ئەوسا دەبینیت سەرنشینەکانت زیاد دەبن، مەبەستم ئەوە نییە ژنی زۆر بێن بۆلات!

خانمەکان دەبێت ئەمە بزانن، کاپیتانی کەشتی یان کاپیتانی فڕۆکە، ئەگەر جلێکی جوانی پۆشیوە و هاتووەتە بەردەمی تۆ و خۆی نمایش دەکات، پێی بڵێن جلەکانت جوانە، بڵێ فڕۆکەوانیەت

باشبوو، هەیە دەڵێت ئەگەر پێیان بڵێیت ڕوویان قایم دەبێت.. تا هەر کاتێك لە جێگەی خۆیدا هانی بدەیت، ئەو پاداشتت دەداتەوە، ڕوو قایم بوون لە زەینی ئێمەدایە، لە سەرەتای ئەم بابەوە من سوپاسم کردن، ئەرکی سەرشانمە کە سوپاستان بکەم. مەحموودی موعەزەمی یانی چی ئەگەر ئێوە نەبن؟ مەحموودی موعەزەمی مانای نییە، لەبەر ئەوە دەبێت سوپاستان بکەم و مەمنوونتان بم. هەروەها سەبارەت بە مەرجەکانی زەواج، کوڕان و کچان کاتێك دەیانەوێت زەواج بکەن، بۆنموونە تۆ دەتەوێت خانوویەك بکڕیت، جوتێك پێڵاو یان سەرپۆشێك بکڕیت.. چی دەکڕیت؟ ئەو شتە دەکڕیت کە دەیناسیت، کاتێك دەڵێن سەیارە لە زەینی تۆدا کۆمەڵێك سەیارە هەیە، کاتێك دەڵێن تەسجیل هەندێك ناوی بازرگانی بە مێشکتدا دێت، چونکە دەیناسیت، بەڵێ چونکە دەیناسیت، کاتێك دەتەوێت زەواج بکەیت چۆن زەواج دەکەیت؟ چ کوڕێك هەڵدەبژێریت؟ چ کچێك هەڵدەبژێریت؟ دەبێت بیناسیت، ناسینت لەسەر بنەمای چییە؟ یەکەم ناسینت دەربارەی چییە؟ دایك و باوکی خۆت! ئەمەی کە دەیڵێم یاسا نییە، بە ئەگەری زۆر کچان کاتێك دەیانەوێت زەواج بکەن هاوشێوەی باوکیان هەڵدەبژێرن، کاتێکیش کوڕان دەیانەوێت زەواج بکەن

دیسان بە ئەگەری زۆر نەوەك هەمیشە، هاوشێوەی دایکیان هەڵدەبژێرن، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی یەکەمین نموونەی پیاو و ژن، دایك و باوکیانە، یان مام و خاڵیانە، یان کەسێك کە نزیك بووە لێی، یادگاری هەیە لەگەڵیدا.. لە بیرتان بێت ئەگەر دەتانەوێت سەرکەوتووبن، بچن بۆ ماڵی دایك و باوکەکان بزانە پەیوەندیان چۆنە، ئەگەر بتوانیت ئەو ڕەفتارانە قبووڵ بکەیت و کۆپی بکەیت زۆر ئاسوودە دەبیت، مەبەستم بنەماکانە نەوەك وردەکارییەکان.

بیستووتانە دەڵێن هەندێك لە پیاوان جنێووفرۆش و توڕە و توندوتیژن؟ ژن ئازار دەدەن و فشاری دەخەنەسەر، ئازاری منداڵان دەدەن.. پاشان ئەو کچەیانەی کە لە خێزانێکی لەم شێوەیەدا گەورە بوون و بێزارن لە ژیانیان لەگەڵ پیاوێکی جنێووفرۆشی توندوتیژ زەواج دەکەن، بۆچی؟ مەگەر ژیانیان ناخۆش نەبووە؟ مەگەر نازانن ئەو جۆرە پیاوانە ڕەفتاریان چەندە ناشیرینە؟ مەگەر نازانن ئەو جۆرە کەسانە نا مرۆڤانە ڕەفتار دەکەن؟ ئەی بۆچی لەگەڵیان زەواج دەکەن؟ چونکە نموونەیەکی تریان نییە، بۆیە ئەگەر دەتانەوێت کچەکەتان بەختەوەر بێت، ژیانی خۆش بێت و ڕێزی لێبگرن، هەمان کار لەگەڵ دایکیدا بکەن، هەرچی لە ماڵەوە دەیلێین و دەیکەین نموونە و کۆپییە بۆ منداڵەکانمانتان،

منداڵەکانمان لە ڕەفتارەکانمانەوە فێردەبن تا لە قسەکانمانەوە، ئەوەی دەتەوێت بە منداڵەکانتی بڵێیت ئەنجامی بدە، کە ئەنجامتدا ئەوانیش فێردەبن، کێشەی ئێمە ئەوەیە هەر خەریکی ئامۆژگارییین، بۆنموونە کاتێك تۆی پیاو لە ماڵەوە بە توڕەیی و بێئەدەبییەوە بە ژنەکەت دەڵێیت ژنەکەکە دانیشە، من خەریکم قسە دەکەم تۆ بۆ گوێ ناگریت.. پاشان بە کچەکەت دەڵێیت لەگەڵ پیاوێکدا زەواج بکە شایستەی تۆ بێت! ئایا ئەمەیە شایستەییە کە تۆ بەرانبەر بە خێزانەکەت دەینوێنیت؟ ئێ ئەمە ناڕاستەوخۆ واتە کچەکەم ئاوایە ژیانی خێزانی! بۆیە دایکان و باوکان ئەگەر دەتانەوێت کوڕ و کچەکانتان لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا سەرکەوتوو بن، دەبێت نموونەیان بدەنێ.

هاوڕێیەکم هەیە لە کەنەدا بۆیگێڕامەوە: هاوسەری یەکێك لە ئاسراوەکانی هیندی بوو، منداڵەکەی لە باوەش کردبوو بە هیندی قسەی بۆ دەکرد، گوتی من بە ئاسیاوەکەم گووت: ئەرێ ئەو ژنە چی بە منداڵەکەی دەڵێت؟ گوتی: پێی دەڵێت: تۆ گەورە دەبیت، دەبیت بە خانم، زەواج دەکەیت، پیاوەکەت بەختەوەر کەیت، یارمەتی دەدەیت خۆشبەخت بێت، یارمەتی دەدەیت سەرکەوتوو بێت..هتد، گوتی: منیش گوتم ئافەرین، بابێت لە دایکەکانی

ئێمەوە فێربێت کە چی بە منداڵەکانیان دەڵێن: کچم دەڕۆیت ئاگات لە خۆت بێت، ڕوویان پێنەدەیت، لەسەرەتاوە توندوتیژ بە! لە سەرەتاوە توندتوتیژ بە یانی چی؟ دەتەوێت منداڵەکەت بە خۆشبەخی بژی یان نا؟ ژیانی هاوسەرگیری مەگەر کێبڕکێ و زۆرانبازییە؟ زەواج بریتییە لە بەشداری و هاوبەشی، خەمی تۆ خەمی ئەوە و خەمی ئەو خەمی تۆیە، چونکە پێکەوە دروستانکردووە، بەڵام زۆرێك لە باوەڕەکانمان هەڵەن، دەبێت چاوەکانمان بشۆرین و بە جۆرێکی تر ببینین، زۆربەی کێشەکانمان لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە کە باوەڕی هەڵەمان سەبارەت بە پیاو، بە ژن، بە سێکس..هتد هەیە، ئەم باوەڕە هەڵانەش بەرەو کێشەکان ئاڕاستەماندەکەن و کێشەکانیش دەست و پێمان دەبەستن، یەکێك لەو شتانەی کە بە درێژایی ژیانم سەرنجمداوە، ئەو خێزانانەی دایك سالارن کوڕەکانیان دەچن لەگەڵ ژنانی لە خۆیان گەورەتردا زەواج دەکەن، بۆچی؟ چونکە کوڕی دایکیان دەوێت، ئەو خێزانانەش کە باوك سالارن، بەزۆری کوڕەکانیان بەشوێن کچانی منداڵدا دەگەڕێن، دیسان ئەزموون نیشانی دەدات، ئەگەر زەواجتان کرد، باشترە کە جیاوازی تەمەنتان پێنج شەش ساڵێك بێت، بۆچی؟ چونکە ئاسۆی تێڕوانینی خانمەکان زووتر بە بلوغ

دەگات، خانمان زووتر مەنتیقی تر و پوختە تر دەبن تا کورەکان، کاتێك جیاوازی هەبێت لە یەکتر تێدەگەن، کاتێك خانمێك بە ئەندازەی مێردەکەی یان زیاتر لەو بزانێت، ناتوانێت حوکمی پادشایی بدات بە مێردەکەی مەگەر زۆر ئاقڵ بێت، ئەم جیاوازی تەمەنە دەبێتە هۆی ئەوەی پێکەوە رێکبکەن.

لە زەواجدا چەند خاڵێکی کلیلی هەیە، کە پاشان دەتوانین پڕیان بکەینەوە، من زانیاری گشتیتان دەدەمێ.

١- دیسان من سەرنجمداوە زۆربەی ئەو خێزانانەی دایك سالارن، تەبعەن زۆربەیان دەڵێم، منداڵەکانیان زۆر خۆشحاڵ نین، حوکم نادەم، چونکە دیسان پەیوەندی هەیە، ئێمە دەبێت بتوانین جووتی خۆمان بدۆزینەوە.

٢- پیاوان بە سروشتی جینەتیکیان زبر و توند و تیژە و شکار چین، دەبێت بچنە دەرەوە، ئێستا لەبەرچاو مەگرن کە ئێمە لەم ساختمان و خانووانەدا دەژین، جینەکانمان جینی ڕاوی پڵنگ و سەرکەوە بەسەر درەختدا و بچۆرە ناو ئاوەوە و دەستبکە بە دەمی شێردا و نان دەربهێنە و.. هتد ئەمانەیە، بەڵام ئێستا ئەم بوونەوەرە هاتوەتە ناو شارەوە نە دەتوانێت هاوار بکات، نە دەتوانێت زۆران بگرێت.. هتد، کەچی لەگەڵ ژنەکەیدا شەڕ دەکات

و داخی دڵی خۆی بەسەر ژنەکیدا دەڕێژێت، بەڵام ئەم کارە زۆر زۆر هەڵەیە، ئەسڵەن نابێت قبوولّی ئەم جۆرەکارانە بکەین، دەبێت بە تەواوی ڕەتی بکەینەوە، لە بیرمان بێت ئەگەر من لێدان دەخۆم هۆکارێکیان خۆمم، بە هیچ شێوەیەك نابێت قبولّی بکەین، ئەو سەردەمە تەواوبووە ڕابردوو لە یادی بکەن، لە مڕۆوە دەبێت دەستپێبکەین و ئەمڕۆ بونیاد بنێین، پیاوان شکار چین، بەڕێزان بچن وەرزش بکەن، بچنە پێشبڕکێیەکەوە، بچنە یانەیەکەوە، ئەم فشارە غەریزەییانەتان بەتاڵ بکەنەوە، سادەترینیشیان ئەوەیە کە نیشانە بکرن، ئەوانەی کە تیری تێدەگرن، لەوانە بکرن و تێی بگرن، بۆچی خەسوو ڕۆڵی خراپ لە ژیانی ئێمەدا دەگێڕێت؟ لەبەر ئەوەیە دێتە ناو دەسەڵاتمانەوە وەك کەڵەشێرەکە، دەیەوێت بێتە ژێر دەسەڵاتی منەوە و خۆی هەڵقورتێنێت، ئەمەش شەڕ دروستدەکات.. ئەگەر ڕێز لە یەك بگرین ناکۆکی دروست نابێت، دەبێت بە خەسوتان بڵێن هەر کاتێك پێشنیارێکت هەبوو بەخۆم بڵێ. بەم جۆرە هەم دەسەڵاتی خۆت دەپارێزیت و هەم ڕێزی ئەویش ڕادەگریت، کاتێك ئێمە مافەکان و ئەرکەکانمان نەزانین هەمیشە گێژین و دەڵێن ئەو بۆچی خۆی هەڵدەقورتێنێت؟ ئەو لە ڕاستیدا خۆی هەڵناقورتێنێت، دەیەوێت بڵێت منیش هەم، بە

هەرحاڵ ئەم بابەتە هۆکاری دەروونناسانەی هەیە، ئەگەر ئێمە شتەکان بناسین ژیانمان ئاسان دەبێت، ناسین وەك ئەوە وایە بۆنموونە: ئێوە ژمارەیەکی زۆر لە ژوورێکدا بن و کارەبا ببڕێت و چاو چاو نەبینێت، ئێوەش دەتانەوێت ژوورەکە بەجێبهێڵن و بڕۆن. ئایا توشی کێشە دەبن یان نا؟ بێگوومان بەر یەك دەکەون، دەکەونە سەر زەوی، بەسەر یەکدا دەڕۆن، دەست و قاچتان دەشکێت.. بەڵام ئەگەر کارەبا هاتەوە و دەتانەوێت ژوورەکە بەجێبهێڵن یان بێنە ناو ژوورەکەوە، ئەو شتەی بە خەیاڵتاندا دێت چییە؟ ئەمە ژیانە، ئەو ژیانەی کە ئێمەی تێیداین هەر بەم شێوەیە زانین و ئاگاییش ڕووناکی دەبەخشن بە ژیانمان، هەر کاتێك ڕووناکی زانست و ئاگایی بەسەر ژیانماندا بدرەوشێتەوە، ژیانمان ئاسانتر دەبێت، زۆربەی کێشەکانمان لەبەر ئەوەیە کە ئاگایمان نییە سەبارەت بە خۆمان، سەبارەت بە ئەوانی دیکە و دنیا و ئەو یاسایانەی تیایەتی.. ئەو بارانەی لە کە ڤانکۆڤەری کەنەدا دەبارێت ئەوێی سەوز و ئاوەدان و خۆشکردووە و لە بەنگلادیش دەبارێت هەزاران کەس گیانیان لە مەترسیدایە و هەزاران جۆر پەتا و نەخۆشی بڵاو دەکاتەوە، خودا هەمان خودایە و بەندەش هەمان بەندەیە، یەکێك سوود لە نووری زانست وەردەگرێت و

یەکێك وەریناگرێت، یەکێك چاوەڕێیە یەکێکی دیکە بێت و ڕزگاری بکات، یەکێکی تر خۆی بۆ خۆی بڕیار دەدات، دەبێت بەرپرسیاێتی ژیانمان و باشی و خراپییەکەی لە ئەستۆ بگرین، هەر یەك لە ئێمە دەتوانین ژیانمان باشتر بکەین و خۆشبەخت تر بژین، دەتوانین بە بەرزترین پلەی باڵایی بگەین و هاوسەر و منداڵەکانمان خۆشحاڵتر بکەین، بە مەرجێك بەرپرسیارێتی قبووڵ بکەین، نابێت ڕۆڵی ژیانت بخەیتە ئەستۆی خەسوو و خەزوورەت.. ئەوانە کاتێك تەداخول دەکەن کە ناوچەی دەسەڵات و پەیوەندیەکانت کەمە.

خانمی (جیجانێت)و هاوسەرەکەی جەنابی (ڕابێرت لارا) ئەمانە هاتن لێکۆڵینەوەیەکیان کرد لەسەر سێسەدوپەنجا و یەك هاوسەری خۆشبەخت، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیشیان بووە جێگەی ڕەزامەندی زۆرێك لە کۆمەڵناس و دەروونناس و ڕاوێژکارانی خێزان، ئەمانە قۆناغەکانی زەواجیانکرد بە پێنج بەشەوە کە ئێوە لەسەرەتای ئەم بابەتەدا بڕیتان و لە سەرچاوەکەوە دەستتان پێکرد و گەیشتن بەدەریا، ئەم پێنج قۆناغەش ئێستا دەمەوێت بۆتانی شی بکەمەوە، تاوەکوو دنیابینییەکتان پێ بدات بزانن ئێوە لە چ قۆناغێکدان و خەریکن چی دەکەن و چی بکەن بۆ ئەوەی بە قۆناغی داهاتوو بگەن.

قۆناغی یەکەم خەونی شیرینە کە باسمانکرد واتە عەشقی کوێرانە، خەونێکی شیرینە کە لەوێدا بەهۆی پێکهاتەی کیمیایی خوێنەوە و پلانی کرۆمۆسۆمەکانەوە ئێمە لە ژێر کاریگەریی ورووژانەکانی خۆماندا هیچ نابینین تەنیا و تەنیا بیر لە بە یەکگەیشتن دەکەینەوە، لەم قۆناغەدا یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە هەمیشە پێکەوە هاوڕان: (وای دایە هەرچی من دەمەوێت ئەویش ئەوەی دەوێت! ئای دایکە نازانی چ کچێکە هەرچی دەڵێم، دەڵێت بەسەر چاو..) هەمیشە خاڵە لێکچوو و هاوبەشەکانی یەکتر دەبینن، هیچ ئاگاتان لە ناکۆکییەکان نییە! ئەم قۆناغە زۆر بە خێرایی چڕ دەبێتەوە تا زەواج دروست دەبێت، ئەمە قۆناغی یەکەمە، کاتێك ماوەیەك بەسەر قۆناغی یەکەمدا تێدەپەڕێت، هەستی مەحروم بوون واتە دەست ڕانەگەیشتن بە کچ یاخوود کوڕە کە تێر دەبێت یان ئەو غەریزەیە نامێنێت، دەچنە قۆناغی دووەمەوە.

قۆناغی دووەم قۆناغێکە هێواش هێواش چاوەکانیان دەکەنەوە و دەڵێن چییە ئەمە بۆ وا دەکات خۆ وا نەبوو؟ ئاخر نازانم ئەم کوڕە بۆ وای لێهاتووە؟ وردە وردە چاوەکانیان دەکەنەوە و جیاوازیی و ناکۆکییەکانی یەکتری دەبینن، بەردەوام زیاتر

چاویان دەکرێتەوە و یەکتر دەبینن و ترس دایان دەگرێت: وای من دەمویست لەگەڵ ئەمە زەواج بکەم؟ بۆچی لەگەڵ ئەمە زەواجم کرد..؟! چونکە ئێستا خەریکن واقعی یەکتر دەبینن.. لەم قۆناغەدا کە کۆتایی ڕۆمانیك بوونە، هاوسەرەکان دەستدەکەن بە ڕکابەریی بۆ بە دەستهێنانی دەسەڵات، هەر یەکەیان هەوڵدەدات قەناعەت بەوی دیکەیان بکات، هەر کەس دەیەوێت هێز و دەسەڵاتی خۆی دەربخات، هەر کەس هەوڵدەدات بڵێت من لەسەر حەقم، بینوتانە کە دەڵێن چەندجارم پێگوتی ئەمکارە مەکە.. چەند جار پێمگوتی مەچۆ بۆ ماڵی فڵان کەس.. هتد، بەردەوام خەریکی یەکتر تاوانبار کردنن، بەردەوام گرفتەکان دەدەنەوە بەڕووی یەکتریدا، لەم قۆناغەدا ڕکابەرییەکی سەخت هەیە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست! هەندێك کەس بە تایبەت لە کۆمەڵگەکانی هاوشێوەی ئێمەدا تا کۆتایی تەمەن لە قۆناغی دووەمدا دەمێننەوە، وەکوو (تۆم و جێری) و (سەگ و پشیلە) تیر و شیر لە یەك دەسوون. لە وڵاتانی خۆرئاوا ئەمە زوو دەپچڕێت، چونکە ژنان دڵنیاییان هەیە و دەتوانن بچنە ناو کۆمەڵگەوە و کارایان پێدەدەن و چاودێریی منداڵەکانیشیان دەکەن و جیادەبنەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەکانی وەك ئێمەدا کە تەڵاق

ناشیرینه و خێزانەکان فشار دروستدەکەن و ناهێڵن جیاببنەوە ئەمەدرێژە دەکێشێت، نابەختەوەرن نازانن ئاسایش چییە بەردەوام لە شەڕدا، بەردەوام بە شوێن دەسەڵاتەوەن، بەردەوام هەوڵدەدەن بڵێن من لەسەر حەقم.. ئەم قۆناغە کوشندەیە ئەو شوێنەیە کە زۆربەی زەواجەکان هەڵدەوەشێنەوە، واتە زەواج کەمتر بەم قۆناغەدا تێپەڕ دەبێت، مەگەر زەواجە سەرکەوتووەکان.

لە کەنەدا بووم چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردم گوتیان بۆچی ئەوانەی کۆچ دەکەن بۆ کەنەدا و دێن بۆ ئێرە لێکتر جیا دەبنەوە؟ ئایا خەتای ئەم کۆمەڵگەیە؟ هەڵبەتە کۆمەڵێك پرسیار بوو یەکێکیان ئەمە بوو گوتم: "ئەمانە لێکتر جیا بوون، لێرەش دەردەکەوێت کە لە یەکتر جیا دەبنەوە" زۆرێك لە ژن و مێردەکان لە یەکتر جیان بەڵام چی بکەن دەترسن بە تایبەت ئافرەت دەترسێت جیاببێتەوە، چونکە قسەی باوك و قسەی دایك.. دێتە سەری دەڵێن: بێوەژنە، سەد پیاو دوای دەکەون، بۆ هەر شوێنێك بچێت وەك نێچیرێك سەیریی دەکەن، هەست بە دڵنیایی ناکات، هەڵبەتە ئێستا هەندێك لە یاساکان گۆڕاون، بەڵام زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی کە کلتوری ئێمە ئەوە قبووڵ بکات کە ژنیش مرۆڤێکە، عەیبی تیانییە ئەگەر پێکەوە نەگونجان قەیچێکا بابڕوات لەگەڵ

کەسێکی دیکە زەواج بکات. ئەو ئافرەتانەی کە جیا بوونەتەوە و خوازبێنیکاریان نایەت یان کەم دێت، ئەم فشارانە ناچاریان دەکات لەوێدا بمێننەوە، من زۆر کەسدەناسم پێکەوە دەژین بەڵام لەسەر بنەمای عەشق نا لەبەر ترسە ژیانێکیش کە پاڵنەرەکەی ترس بێت بەری شیرینی نییە تامەکەی تاڵە، بەڵام لەم قۆناغەدا دەبێت یەکێکیان سازش بکات چونکە جەنگە و ناکەونە ڕێککەوتن.

بەڵام قۆناغی سێیەم قۆناغی سەقامگیرییە، ئەوانەی بەهەر شێوەیەك دەتوانن بگەنە ئەم قۆناغە جا ئیتر بەهۆی منداڵە یان لەبەر فشاری قسەی خەڵکە دەڵێن کاکە ئیتر ئاوایە چی بکەین، هەردوو لا دەستدەکەن بە بیرکردنەوە و دەڵێن کاکە بۆچی من چاوەڕێی ئەوە دەکەم هاوسەرەکەم وەك من بیربکاتەوە؟ بۆچی چاوەڕێی ئەوەی لێدەکەم هەرچی من گوتم بڵێت بەسەر چاو؟ دەستدەکەن بەبیرکردنەوە و قوڵبوونەوە، ئەم دەستکردن بەبیرکردنەوەیە دەیانگەیەنێت بەو دەرەنجامەی نەبادا من خەریکە کێشەکانی خۆم بەسەر هاوسەرەکەمدا دەسەپێنم.. ڕاستییەکەیشی هەر وایە، ئێمە زۆربەی جار کێشە و گرفتەکانی خۆمان دەدەینەوە بەسەر هاوسەرەکانماندا، ئەگەر ڕەزیلین، ئەگەر وەسواسین، ئەگەر بەدگومانین، دەیدەین بەسەر بەرانبەرەکەماندا، ئەمەش دەبێتە

ناکۆکی و شەڕ، کاتێك تاکەکان بەم قۆناغە دەگەن تێدەگەن و ئاگربەست ڕادەگەیەنن، جەنگ نامێنێت بەڵام هێشتا ژیانێکی باشیان نییە، هێشتا نەگەشتوونەتە لوتکە، وەك کەوتنە خوارەوەی تاڤگە وایە، ئەگەر لەم کەوتنەخوارەوەیەدا زیندوو بمێننەوە، ئەگەر پاڵنەریان هەبێت، دەتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن و بگەن بە قۆناغی سەقامگیریی.

قۆناغی چوارەم قۆناغی وەفادارییە، یانی چی؟ یانی من قبوڵی دەکەم بەرانبەرەکەم ئەمەیە ئیتر، چی لێبکەم؟ دەڵێن کاکە ئەمە بۆچی وا دەکات؟ دەڵێت چی لێبکەم دایم نەخۆشە و بۆڵە بۆڵ دەکات.. دەڵێن: یەکێك هاوڕێیەکی خۆی بینی و گوتی بەڕاست هاوسەرەکەت چۆنە حاڵی باشە؟ گوتی: نەوەڵا دایم بۆڵە بۆڵدەکات، گوتی: باشە سوپاس بۆ خوا کەواتە سەلامەتە. ئەمەش سەرەتای عەشقە، ئەمەی گوتمان کاتی بۆ نییە لەوانەیە لە ماوەی ساڵێکدا ڕوو بدات، یان لە ماوەی سێ ساڵدا ڕوو بدات، پەیوەندی بەوەوە هەیە هەردوو لا چەندێك حەز و ئامادەیی و خۆشەویستیان هەیە، ئێوە لە هەرکام لەم قۆناغەدان دەتوانن بۆ قۆناغەکانی داهاتوو سەربکەون، دەتوانن بچنە قۆناغەکانی داهاتووەوە، ئەوە بزانن شیر و تیر لە یەك سوان و سەپاندنی ڕای

شەخسی هەڵەترین کارە، زۆر زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە ئەم قسەیە دەکەم: لەم کارە گەمژانەتر بوونی نییە کە پیاوێك بیەوێت بابەتێك بۆ ژنەکەی بسەلنێنێت! شتی وا مەحاڵە، واتە ئەگەر سەلماندت ژیانت تێك دەچێت، بەڵام من بە ئەزموونی خۆم فێربووم کاتێك لە بوارێکدا لەگەڵ هاوسەرەکەم هاوڕا نیم تەنیا ئاگاداری دەکەمەوە بۆ نموونە: دەڵێم خانم ئەم جلوبەرگەت بە باوەڕی من گونجاو نییە، جلوبەرگێکی دیکەت نییە لەبەری بکەیت؟ یاخوود دەتوانین قسەکانمان بە جۆرێك بکەین یەکتری بیزار و توڕە نەکەین، بەڵام جاران دەمویست بیسەلمێنم کە حەق لای منە، ئێ باشە وا سەلماندیشم کە من لەسەر حەقم، چی بە چی دەکەم؟ وەك ئەوە وایە بە دەستی چەپم دەستی ڕاستم بشکێنم، مرۆڤی عاقڵ دەست و پێی خۆی ناشکێنێت، ژن و مێرد وەکوو ئەندامەکانی جەستەیەك وان، چۆن دەست و پێ پێویستیان بە یەکە ئێمەش ئاوا پێویستمان بە هاوسەرەکانمانە، من بێمماڵی خۆم وێران بکەم بۆ ئەوەی بیسەلمێنم لەسەر حەقم ئایا کارێکی عاقڵانەیە؟ ئەم حاڵەتی عینادی و ڕق و عەبوسییە لە ناو خێزانەکانی ئێمەدا زۆرن، لە ڕۆژئاواشدا زۆرە بەڵام لەناو ئێمەدا بەتایبەتی زۆر ترە، پێویستە لەم حاڵەتە بێینەدەرەوە بۆ ئەوەی سەرکەوت و شاد و خۆشبەخت

بین. ئەمکارە نادروستانەی کە دژ بە خۆمان دەیکەین دەرەنجامی چیە؟ ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە دووچار کێشەیەکین بەناوی پەسەندخوازی تاکڕەوانە، واتە: ئێمە پێمانوایە ئەو کاتە ئێمە کەسێکی باش و بەڕێزین کە هەمووان پەسەندمان بکەن! ئەمەش هەڵەیە، هەر لەبەر ئەمەش هەموو کارێك دەکەین بۆ ئەوەی ئەوانیتر پەسەندمان بکەن! یەکێکیش لەو ڕێگایانەی کە ئێمە پەسندکردنمان تێیدا دەوێت قسەکانمانە، واتە چاوەڕوانی ئەوەمان لە خۆمان و ئەوانیتر ئەوەیە کە کەسی بەرانبەر وا لێبکەین کە هەرچی ئێمە بیلێین پەسەندی بکات، ئەوەندە چەلەحانێ دەکەین تا بە زۆر پەسەندمان بکەن ئەمەش هەڵەیە، ئێمە دەبێت تەنیا ڕای خۆمان بڵێین، دەبێت لێگەڕێین بیربکەنەوە، لە قۆناغی چوارەمدا هاوسەرەکان هەوڵدەدەن لە یەکتری تێبگەن و یەکتری بدۆزنەوە ئەم حەزی لە چیە و ئەو ڕقی لە چییە، ئەمکارە بکەم وای لێیەت ئەو کارە بکەم وای لێیەت.. دەستەکەن بە پەیوەندی دروستکردن و زانیاری دەستخستن یەکەمین خەسڵەتی عەشقیش زانیاریی کۆکردنەوەیە لەسەر مەعشوق و یار، تۆ کاتێك عاشقی منداڵەکەتی دەزانیت دەبێت چ کاتێك بیگۆڕێت، کەی شیریی دەوێت، کەی خەوی دێت، چ کات دەبێت یاریی بکات، یان

هەر چییەك بكات دەزانیت! كاتێك كەسێكت خۆشدوێت تێدەگەیت ئێستا چۆنە و دوایی چی لێیە! یەكێكیتر لە خەسڵەتەكانی عەشق ئەوەیە سەرنجلێدان زیاد دەكات، بەرپرسیارێتی زیاد دەكات! ئەمە سەرەتای عەشقە،كاتێك من عاشق دەبم ئیتر سەرنج لە خۆم دەدەم، سەرنج لەوانیتر دەدەم، سەرنج دەدەم لەو بەرپرسیارێتیانەی لە ژیانمدا هەمە، بۆچی دەژیم؟ دەمەوێت ڕای خۆم بسەلمێنم یان بژیم؟ زۆربەمان هاوسەرگیری دەكەین و نازانین بۆچی هاوسەرگیری دەكەین، هۆكار و لەبەر چییەكەیمان نەدۆزیوەتەوە، ئەمەش قۆناغێكە كامڵ بوون مانای نیە بەمە دەڵێن (ئینترۆندی دیپێنسی) واتە (ئێمە) دەستپێدەكات، من هەم و تۆیش هەیت، من و تۆ دەبین بە ئێمە، ئیتر نە تەنیا من و نە تەنیا تۆش، لە قۆناغەكانی پێشتردا من دەڵێم باشە بەسەر چاو هەرچی تۆ بڵێیت وایە من هەڵم كرد ببورە بەردێكی دەخەمە سەر بەڵام لە ناخیشەوە ڕازی نیم، بەڵام لێرەدا گوێ دەگرم ئەگەر بەڵگەم پێبێت دەیڵێم.

بەڵام قۆناغی پێنجەم كە من هیوادارم هەمووومان بەم قۆناغە بگەین من خۆم ئەم قۆناغەم دیوە و خۆیشم لەسەرەتاكەیدام، كەسانێكیش دەناسم كە بە وردی خەریكن لەم قۆناغەدا دەژین،

ئەم قۆناغە قۆناغی بەدیهێنانی نوێگەرییە، ئەفراندنی هاوبەشە، ئەمە قۆناغی عەشقی بێچاوەڕوانیە، لێرەدا پێکەوە هاو ئاهەنگن، لە یەکتریی تێدەگەن.. لێرەدا پێمخۆشە ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەتان بۆ بگێڕمەوە:

یەکێك لە هاوڕێ کۆنەکانم بۆی گێڕامەوە گوتی: ئەو کاتەی کە لە بەلجیکا دمخوێند، ڕۆژێك پیاوێکم بینی دەیقیژاند و هاواری دەکرد بە توڕەیی پێی دەکوتا بە زەویدا و بەرز و نزمی دەکرد گوتی: لەو کاتەدا ژنەکەیم بینی ڕاوەستا بوو بەلایەوە و سەیریی دەکرد، گوتم: ئێستا دەبێت بەشەڕیان بەڵام ژنەکەی بەنەرمییەکەوە شانی ڕاوەشاند و گوتی: پیتەری داماو تۆ بۆ ئەوەندە حەسرەت دەخۆیت؟! ئەو ژنە لەو کاتەدا نیگەرانیی سەلامەتی مێردەکەی بوو! واتە هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی بەرانبەر بەو توڕە بوون و ناڕەحەتییە سەبارەت بە خۆی نیشان نەدا، ئەم جۆرە عەشق و تێگەیشتنە وەکوو عەشقی دایك وایە بۆ منداڵەکەی، هەیە دەڵێت کاکە من پێنج جار چاکەم لەگەڵ فڵان کەس کرد هێشتا ئەو چوار چاکەی لەگەڵ نەکردووم! ئەمە ژمێریارییە لە ژیاندا، ژیان خۆ ژمێریاریی نییە، حساب ڕابگری بۆ نموونە بڵێیت ئەوەندەم هەیە، ئەوەندەم ماوە.. مرۆڤی عاقڵ

زیاتر بەخشندەیە و زیاتر سەرنجدەدات. لەم قۆناغەدا کە زیاتر ئەفراندنێکی هاوبەشە بۆ ئەو دوو کەسە دەگەن بە حاڵەتێك کە ئەو حاڵەتە عەشقی بێ چاوەڕوانیە هەر بەو شێوەیەی کە هەن یەکتریان خۆشدەوێت، ڕەنگە بپرسن باشە ئەی ئەمانە هیچ ناکۆکییەکیان لەگەڵ یەکتری نییە؟ هیچ حاڵێك نییە تێیدا هاوڕا نەبن؟ بەڵێ ناکۆکییان هەیە، بەڵام دەزانن چۆن ڕوو بە ڕووی ببنەوە، بۆنموونە: خانمەکە حەز دەکات گوڵدانەکەیان لە گۆشەی ڕاستی ژوورەکەیاندا بیت، بەڵام پیاوەکە پێی خۆشە کە لای چەپەوە بێت دەڵێت خانم من پێمخۆشە لێرەدا بێت، ژنەکە دەڵێت نا با لێرەدا بێت باشترە، کەمێك مشتومڕ دەکەن ناگەن بەیەك، پیاوەکە دەچێتە دەرەوە هەوای پاك هەڵدەمژێت، کەمێك ئاو دەخواتەوە و کەمێك حاڵی باشتر دەبێت دەگەڕێتەوە و دەڵێت: ئازیزم، بیرم کردەوە ئەمە ئەوە ناهێنێت دەنگە دەنگی لەسەر بکەین تۆ خانمی ماڵەکەیت کوێت پێ باشە لەویا داینێ، من خۆشحاڵدەبم کە تۆ ڕازی بیت، ئەمەش شکست نییە بەڕێزم، ئەمە تێگەیشتنە، شعورە، فەهمە بۆ عەشق و بۆ ژیان، تەنیا ئەو کەسانەی متمانە بەخۆبوونیان کەمە وا دەزانن شکستیان

خواردووە، ئەو پاداشتەی ئەمان لە ژیان وەری دەگرنەوە زۆر بەها دارە، لەم قۆناغەدا دەبێت هەر دوولا هەوڵبدەن.

لە لێکۆڵینەوەکەیاندا ئەو پیاو و ژنە لێکۆڵەرە (ژانێت) و (رابێرت) پرسیاریان لە هاوسەرەکان دەکرد ئێوە لەم قۆناغەدا چی دەکەن؟ ئێستا منیش لەم باسەدا کورتەکەیتان پێدەڵێم کە ئەوان لەم قۆناغەدا چی دەکەن:

١ـ ئەمانە خۆش مەشرەبن، واتە مەسەلەکان زۆر بەجددی وەرناگرن، بە یەکەوە زۆر پێدەکەن ڕۆژگارێکی خۆشیان هەیە، من لە بیرم دێت زۆرێك لە هاوڕێکانم هەمیشە گرژ و مۆن بوون دەمگوت چیی وان؟ دەیانگووت ئەگەر سەر و چاو بدەین بەیەکدا لای ئافرەتان سەرنجڕاکێشتر دەبین! پاشان بۆم دەرکەوت کە ئافرەتان حەزیان لە کوڕی گرژ و مۆن نییە کەسی ڕووخۆشیان خۆشدەوێت، بۆ زانینتان کوڕان حەزدەکەم شتێك هەیە پێتانبڵێم ئەگەر ئەنجامی بدەن زۆر لای خانمان خۆشەویست دەبن: "هەرکاتێك ویستت بچی بۆ لای خانمێك سەرەتا با پێڵاوەکانت خاوێن بێت چونکە خانمان سەرەتا سەیری پێڵاوەکانت دەکەن پاشان سەرت" جارێك هاوڕێیەکم پێیگوتم: یەکێك دەیویست ژن بهێنێت ئێمەش کەسێکمان بۆ دۆزییەوە و چووین بۆ خوازبێنی، گوتی: ئەو کوڕە

نیو سەعای درەنگتر لە مەوعیدەکەی هات، بەجووتێك پێلاوی قوڕاویی و قژێکی ئاڵۆزکاو و ڕیشێکی و چڵکنەوە هات، پاشان ئیشەکە سەری نەگرت، ڕۆیشتین، کە لە ماڵەکە هاتینە دەرەوە پێموت: ئەریٚ کوڕە ئەمە کەی سەر و وەزعی خوازبێنییە؟ گوتی: سەیرکە من هەر بەو جۆرەی کە هەم دەمەوێت خۆن نیشان بدەم بییەوێت و نەیەوێت من هەر ئەوەم، نامەوێت ڕۆڵ ببینم! منیش پێمگووت: ڕۆڵەگیان خوا ڕەحمت پیٚ بکات برۆ کاکە بەرێی خۆتەوە دەی.. بە خوا هیچ کەس ئەمەی ئەی ناوێت. خوشکان برایان ئەم بابەتە قسەی زۆر هەڵدەگرێت کە لێرەدا مەجال نییە باسی بکەین، بەڵام هەوڵ دەدەین لە بابەتەکانی دیکەدا ڕوونی بکەینەوە، هەوڵدەدەین دەسنیشانی ئەو کارە بچووکانە بکەین کە ئەگەر ئەنجامیان بدەین ئاکام و سوودی گەورەیان دەبێت بۆمان، چونکە ژن و مێردەکان لە ژیانی هاوبەشیاندا چەند هەڵەیەکی بچووك دەکەن کە دەبنە هۆی ساردبوونەی پەیوەندیەکانی نیوانیان و ساردبوونەوەی عەشقەکەیان.

دەبێت لە بیرمان بێت کە ژیانی هاوبەش نەمامێکە کە ئێمە دەیڕوێنین ئەم نەمامەش زانین و ئاگایی دەوێت، دەبێت بزانین چ پەینێکی پیاکەین، چەنێك ئاوی دەوێت، چەنێك خۆری پێویستە،

چۆن بیپارێزین، چۆن بژاری بکەین؟ کاتێك ئەمانەمان ئەنجامدا گەشە دەکات، ئەمام مەحکومە بە گەشە کردن، مەگەر دەکرێت ئەمام گەشە نەکات؟ ئەمامی عەشق ناتوانێت گەشە نەکات ئێمە تەنیا پێویستە چاودێریی بکەین، بەڵام ئەگەر من گەڵایەکی لێبکەمەوە و هاوسەرەکەم گەڵایەکی لێبکاتەوە و بیخەینە ژێر پێوە و خزمەتی نەکەین لە نێو دەچێت، ئەمەش کارێکە بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ ژن و پیاودایە. ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامیانداوە دەریخستووە ئەم کەسانە لە حاڵی بەخشیندان، لەوەی کە ببەخشن، لەوەی کە سەرنجبدەن، لەوەی کە نەوازش بکەن خۆشحاڵدەبن. هەندێك بە هاوسەرە کانیان دەڵێن تۆ ماوەیەکە گرنگی بە من نادەیت، ئەسڵە تۆ منت خۆشدەوێت؟ ئەمە خراپترین پرسیارە کە هاوسەرەکان لەیەکتری دەکەن، مەگەر گومانت هەیە؟ هەڵبەتە خانمەکان زۆر رەزیلن لە گوتنی، من لێرەدا هاوسەرەکەم بیر دەکەوێتەوە هەمیشە پێی دەڵێم خانم من تۆم زۆر خۆشدەوێت، دەڵێت منش هەرەها، دەڵێم دەکرێت جارێك تۆ لە پێشدا بیڵێیت و منیش بڵێم هەروەها منیش؟ یان بڵێم من زیاتر؟ خوشاکان برایان لە دەربڕینی هەستی خۆتاندا ڕەزیل مەبن، بۆنموونە بە پیاو دەڵێن ژنەکەت حەز دەکات کە پێی بڵێیت

خۆشتدەوێت، دەڵێت خۆی دەبێت بزانێت کە خۆشمدەوێت! ئاخر لە کوێوە بزانێت؟! دەڵێت ئاخر من کەسێکی زمان لوس نیم! دەکرێت تکات لێبکەم کەسێکی زمان لوس بیت بۆچی درۆ لەگەڵ خۆت دەکەیت؟ بڵێ خۆشمدەوێیت، لە باوەشی بکە، ناز و نەوازشی بکە، بڵێ تۆ گوڵی منی، هەندێجار خانمەکان بەتایبەت ئەو خانمانەی کە دووگیانن هەفتەی جارێك پێکهاتەی کیمیایی خوێنیان تێکدەچێت ئیتر مێشکیان ئاسایی نییە، هەستیار دەبن، دەوروژێن، تورە دەبن، غەمبار دەبن.. پیاوان دەبێت ئەم مێژووە تۆمار بکەن، لەم ماوەیەدا هیچ قسەیەك بایەخی نییە، تۆی پیاو لەم ماوەیەدا ئەسڵەن گرنگی بەم قسانە مەدە، بۆنموونە هاوسەرەکەت دەڵێت من هەڵەمکرد لەگەڵ تۆ زەواجمکرد، من ئەسڵەن منداڵم نەدەویست، بڵێ: "بەڵێ بەڵێ، ئەمرۆ چەنی مانگە" یان دەڵێت حەوسەڵەم نییە چێشت لێبنێم شەو تا بەیانی ئەمە بکە و ئەوە بکە.. بڵێ: "باشە خۆم لێیدەنێم.." یانی بزانن ژیانی خۆش کە لەقۆناغی پێنجەمدایە بەخشینە، چاودێریکردنە، گرنگی پێدانە، دەبێت بزانیت لەو ماوەیەدا چی دەوێت؟ ئەو پیاو و ژنانەی پێکەوە بە خۆشی ژیاون زۆر باش لەقسەی یەك تێدەگەن دەڵێت: ئەزانم ئەوە بیانووە.. چونکە وەك منداڵەکەی دەیناسێت،

چونکە زۆر سەرنجی یەکتریان داوە، ژمێریاریی ناکەن، بە یەکتریی ناڵێن بزانم تۆ چیت بۆ من کڕیوە؟ پارەی ئەم پارە ئەوە پارەی ئەو پارەی ئەمە، لەم قۆناغی پێنجەمەدا ئەم شتانە نییە، هەرچییان هەیە لە ژیانیاندا دەیبەخشن بە یەکتری، ئەگەر بەم قۆناغە بگەن دڵنیابن ئەو کەسەش هەرچییەکی هەبێت دەبێت بە هی تۆ، یان بۆنموونە دەوترێت ئەو پیاوە خانووەکەی کردوە بەناوی ژنەکەیەوە خوا عاقیبەتی بە خێر بگێڕێت، ئەم جۆرە کەسانە زۆربەیان دەست و قاچیان دەلەرزێت، دێن بۆ لای ژنەکەیان دەڵێن من تۆم زۆر خۆشدەوێت، من عاشقی تۆم، چونکە ترسی هەیە ئیتر، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەیەك جیابنەوە، هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە هەرچیت هەیە بیبەخشیت، حەتمەن دەبێت بە قۆناغێك بگەن دارایتان بکەن بە ناوی یەکترەوە ئەمەش کاتی دەوێت، تێگەیشتنی دەوێت، بەڵام بیرتان نەچێت ئەزموون نیشانیداوە خانمان زۆر زۆر کەمتر خیانەت دەکەن، هەروەها زۆر زۆر ئارامگرتر و زۆر سازگار ترن، سەیرکەن بەڕێزان ئەمە شتێکی لە سەدا دوو بڕاوە نییە، بە شێوەیەکی گشتی دەیڵێم.

ئەو ژن و مێردەی لە قۆناغی پێنجەمدان پێکەوە هاوڕێن و وەك هاوڕێ سەیری یەکتری دەکەن، سەیرە ئاماریان وەرگرتووە کە

لەم قۆناغەدا سێکس لە سەدا دە ڕۆڵی هەیە! واتە پەیوەندیی سێکسی لە سەدا دە کاریگەریی هەیە لە سەر ژیانیان، بەگشتی کۆکن پێکەوە، بە تایبەت بۆ ئەو کوڕ و کچانەی تازە زەواجیانکردووە، ئەوانەی تازە ژیانیان پێکەوە ناوە لەبیرتان بێت ئەگەر بانگم بکەن بۆ زەماوەندەکەتان لەوێدا ئەمەتان پێدەڵێم: بۆ ئەوەی ژیانتان لە بناغەوە بە دروستی دەستپێبکات، یەکەم خاڵ ئاگاتان لەوە بێت لە سێکسدا زیادەڕەوی مەکەن چونکە قۆناغی یەکەم قۆناغی غەریزەیە، ژن و مێرد پێیانوایە هەرچی سکسیان پێکەوە زیاتر بێت زیاتر یەکیان خۆشدەوێت، سێکس یەکێکە لەو دیاردانەی کە بێزاری دەهێنێت، کەبابیش زۆر بخۆیت لێت دەبێزرێیت ئیتر ناتوانی بیخۆیت، پاشان دەستدەکەن بە دوریگرتن، تا لێك دور بکەونەوە ساردی دروستدەبێت لە نێوانیاندا، بۆ ئەوەی ئەم دووریی و مەودایە بشارنەوە دیسان زیاتر سێکس دەکەن، دیسان پەیوەندییان خراپ تر دەبێت، هەر بۆیە لە کۆندا نەریت وا بوو ڕیتمێکیان هەبوو بۆژیانی ژن و مێردایەتی و سێکس، دەبوو ژن و مێرد هەمیشە تامەزرۆی یەك بن، بۆیە دەبێت هەمیشە تامەزرۆی یەکتر بن، ئەگەر وا بێت ژیانتان تەندروست دەبێت، کاتێك پەیوەندی سێکسی زۆر بێت بیزاری دەهێنێت ئاگادار بن

تکایە مۆڵەت بدەن بەخۆتان، پەیڕەوی لە ڕیتمێك بکەن و بزانن کە مرۆڤ فۆرمۆلی خۆی هەیە ئەگەر ئەو فۆرمۆلە ڕەچاو بکەن حەتمەن بەختەوەرتر دەبن.

دووەمین تایبەتمەندی کە لە قۆناغی پێنجەمدا هەیە ژن و پیاو وەك پەیمانێکی درێژخایەن لە پەیوەندی هاوسەرگیری و لە ئایندەی گەشیان دەڕوانن، بێباك نین بەرانبەر بە یەکتر چونکە ژیان بەرز و نزمی تێدایە بۆنموونە: جاری واهەیە من هاوسەرەکەمم خۆشناوێت، کاتێك دێت ئەو منی خۆشناوێت.. بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی پەیوەندییەکانمان تێك بدەین، بەڵام ئەگەر پیاو بە ژنەکەی بڵێت من تۆم خۆشناوێت بڕۆرەوە، بڕۆرەوە بۆ ماڵی باوکت.. ئەمە هەڵەیە، یانی چی؟ بۆچی زەواجت کرد؟ بۆچی هەڕەشە دەکەیت؟ من پیاوێك دەناسم بۆیگێڕامەوە گوتی: لەگەڵ هاوسەرەکەم بوو بە شەڕمان هاوسەرەکەم زویر بوو و گوتی من دەڕۆمەوە بۆ ماڵی باوکم، تۆرا و ڕۆی، لە ڕێگا دایەگەورەی ئەوخانمە کە لەمزگەوت دێتەدەرەوە دەیبینێت و دەڵێت: چی بووە بۆچی هاتوویتە دەرەوە؟ دەڵێت لەگەڵ مێردەکەم شەڕم بووەە و تۆراوم.. پێیدەڵێت: بڕۆ لە بنکەی پۆلیس شکاتی لێبکە چۆن وات بەرانبەر دەکات؟ پاشان لە ناکاو مێردی ژنەکە سەری دەهێنێتە

پێشەوە و دەڵێت: چیت گوت نەنەگیا؟ لەناکاو دایەگەورە دەڵێت: نانا هیچ نییە.. ئەو خانمەش ڕێزی بۆ مێردەکەی زیاتر بوو، ڕاستە ئەو ژن و پیاوە ناکۆکییان هەبووە و ژنەکە ویستوویەتی بچێتەوە بۆ ماڵی باوکی بەڵام پیاوەکەی دوای کەوتووە و ئەم پەیامەی پێداوە کە من بەم ڕێگەیەدا بەدواتا دێم تاوەکوو بە ئارامی و دڵنیایی بگەیتە ماڵی باوکت، ئەمە عەشقە، ئەمە گرنگی پێدان و چاودێرییە.. واتا من خۆشمدەوێت، ناکۆکیشمان هەیە، مەگەر هەرکەس ناکۆکی هەبوو نایادەبێت یەکتریی بکوژین؟ نەخێر، ئەمە بیرکردنەوە و باوەڕێکی هەڵەیە، کاتێك ناکۆکیمان هەیە هێشتا هەر ژن و مێردین.

ئەم چیرۆکە هی هاوڕێیەکمە بۆی گێڕامەوە گوتی: "لە ئەمریکا کەسێك لەگەڵمدا بوو لە ژوورێکدا پێکەوە دەژیاین، گوتی ڕۆژێکیان بوو بەشەڕ و دەنگەدەنگمان.. ئەو ئەمریکی بوو تەواو لە یەکتر زویر بووین، گوتی من چووم لە گۆشەیەك دانیشتم خەریکی خووێندنەوە و ئیش و کارەکانی خۆم بووم، پاشان گوتی فڵان؟ گوتم: چییە؟ گوتی: بۆ نیوەڕۆ چی بکەین؟ گوتم قسەت لەگەڵ ناکەم، گوتی: باشە قسە مەکە، بەڵام خۆ دەبێت نانەکەمان بخۆین!"

جا خوشکان و برایانم ئێوەش ئەگەر ناکۆکیتان هەیە خۆ دەبێت نانەکەتان بخۆن و ئاگایشتان لە منداڵەکانتان بێت، سێکستان هەبێت، کێشەتان هەیە با هەتان بێت، چ پەیوەندییەکیان هەیە؟! ئەگەر وابێت سیستەمی هەموو ژیانمان تێکدەچێت، وەك ئەو کەسەی پەڕەشوتەکەی ناکرێتەوە دەکەوێتە خوارەوە، ئەگەر تۆ وەك خانمێك پێویستییەکانت دابین نەکرێت یان ئەگەر تۆ وەك پیاوێك پێداویستییەکانت دابین نەکرێت بەردەوام دوورکەوتنەوە زیاتر دەبێت، خاڵێکی تر لەم قۆناغەدا ئەوەیە عەشقیان زیاتر دەبێت، لە پیاوێکیان پرسی: تۆ لەدوای سی ساڵ ژیانی ژن و مێردایەتی چ هەستێکت هەیە؟ گوتی: من وا هەست دەکەم لەگەڵ سی ژندا زەواجم کردووە، ئەوەندە چێژ لەم ژیانە وەردەگرم، چونکە هەر ساڵە و ژنیکی تازە بووە، بۆچی؟ چونکە ئەم زیاتر ناسیویەتی، کاتی بۆ داناوە، ئەگەرنا هەر هەمان ژنە، خوشکان و برایان، با کات بۆ یەك تەرخان بکەین، کاتێك دەتەوێت سەیری تەلەفزیۆن بکەیت، قەڵەم و کاغەزێك هەڵبگرە و بزانە هاوسەرەکەت حەزی لە چییە و ڕقی لە چییە، بەچی هەستیارە، حەزی لەکام خواردنانەیە، ڕقی لە کام خواردنانەیە، دایکی چی پێخۆشە، خوشکەکەی ڕقی لەچییە، ئەمانە بینووسن،

دەفتەرێکی بچووک بۆ تایبەتمەندییەکانی ئامادە بکەن، خانم تۆیش بۆ پیاوەکەت بینووسە، جارێك لە سیمینارێکمدا یەکێك گوتی: کاکە ئەمە جاسووسی نییە بچیت بزانی ئەم چی دەوێت و ئەو چی دەوێت؟ لە بیزنسدا بەمە دەوترێت سی ئارِ ئێم crm، گوتم: تکایە دەکرێت تۆ هەموو کاتی خۆت تەرخان بکەیت بۆ جاسووسی کردن بەسەر منەوە، تۆ بێیت کاتت تەرخان بکەیت و بزانیت من حەزم لە چییە و ڕقم لە چییە و خۆشحاڵم بکەیت، من پێت بڵێم جاسووسی؟! قوربانی جاسووس بم، دەبێت سەرنج بدەیت، هەندێك جار هاوسەرەکەت جۆرە گوڵێکی زۆر پێخۆشترە، پیرۆزبایی کردنێکی کاتی لە دایك بوونی زۆر پێخۆشترە لە سەد کیلۆ ئاڵتون، بەڵام ئاڵتوونیشی هەر دەوێت.

لە بیرتان بێت هەندێك شت بەلای تۆوە بچووك و نا کەم بایەخن، بەڵام بەلای هاوسەرەکەتەوە زۆر گەورە و گرنگن! واتە لە قۆناغی پێنجەمدا هەر چەند پێکەوە بن زیاتر چێژ دەبەن.

چوارەم چۆنێتی ژیانە، بۆنموونە لەکاتی نانخواردندا پیاوان بەپەلە خواردن دەخۆن، بەڵام خانمان سەرەتا حەز دەکەن بە هێواشی دەستپێبکەن، کەمێك سوپ بخۆن، سفرە بڕازێننەوە.. بەڵام پیاوان پەلەیانە و دەڵێن: خانم نانەکە بێنە با بیخۆین ئیتر!

پیاوان بەر لە چل ساڵی زیاتر گرنگی بە چەندێتی دەدەن، کاتێك قسەیان لەگەڵ دەکەیت دەڵێن: کاکە سێ چوار نەفەر کەبابمان خوارد، چووین بۆ دەعوەتێك بەرخێکمان خوارد، شەست کچ خۆشیاندەوێم.. ژمارە بە لایانەوە گرنگە! بەڵام خانمان هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە گرنگی بە چۆنێتی دەدەن مەسەلەن دەڵێن: کوڕێکی زۆر ڕێك و پێکە، زۆر میهرەبانە، ڕێك پۆشە، قسە خۆشە، دەست و دڵ فراوانە.. ئەم چۆنێتیانە بەلایانەوە گرنگە، یان دەڵێن: چوین بە یەکەوە نانێکمان خوارد بە موقەبیلات و تەرتیباتەوە، ئەوەندە خۆشبوو، تێر قسەی خۆشمان کرد و دوو سەعات چێژمان برد! لە بیرتان بێت لە تەواوی پەیوەندییەکانی ژیانماندا لە ناویشیاندا سێکس. خانمان چۆنێتی زۆر بەلایانەوە گرنگە تاوەکوو ئەوەی بە پەلە خواردن بخۆیت.. هتد.

ڕۆژێك یەکێك لە هاوڕێکانم لە کەنەدا بانگهێشتی کردین بۆ ماڵەوە بۆ دەعوەتێك بوو، چونکە خێزانیشی لە ماڵەوە نەبوو میوانداریيەکی پیاوانە و هەروەها زۆر گەرم و گوڕ بوو، گوتی: من هەندێك شت فێربووم حەز دەکەم بە ئێوەیشی بڵێم، گوتی: ئەمەمان بە وانە خوێندووە کە پیاوان و ژنان کاتێك دەیانەوێت پێکەوە سێکس بکەن بە تایبەت پیاوان ڕۆژێك پێش ئەوە یاخوود

له بەیانی زووەوە دەستپێبکەن واتە پێشینەی بۆ ساز بکەن تاوەکوو لە کاتی گونجاودا ئەو خانمە ئامادەبێت، پاشان ڕوونیکردەوە گوتی: بۆنموونە سەتڵی خۆڵەکە بڕێژن، قاپەکان بڕێژن.. هتد. ئەمانە پێشەکین و هەنگاو بە هەنگاو دەتانبەنە پێشەوە.. ئەمانەی گوت و میوانەکان هەستان ڕۆشتن، کاتێك میوانەکان ڕۆیشتن ئێمە چەند کەسێك لای ماینەوە چونکە پیرەمێردێکی تەنیا بوو، منیش دەستمکرد بەشۆردنی قاپەکان و گوتم: دکتۆرگیان سەتڵی خۆڵەکە لە کویایە؟! بەڵام دەڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان.. لە بیرتان نەچێت، ئەگەر دەتەوێت پەیوەندییەکی قوڵت لەگەڵ خێزانەکەت هەبێت گرنگی بە چۆنێتی بدە زۆر گرنگی بدە، هەر ئەمڕۆ بڕیار بدە ژیانت بگۆڕیت، ئەگەر کێشەت هەبوو چوویتەوە بۆ ماڵەوە خێزانەکەت جارێ ئەم شتانە نازانێت، بۆنموونە تۆ دەچیتەوە بۆ ماڵەوە و بە تەعنێکەوە پێت دەڵێت هاتیتەوە؟! ئارام بە، لەبیرتان بێت خانمەکان درەنگتر متمانە دەکەن وەك (حەلەزۆن - شەیتانۆکە)وان، کە چوونە ناو قاوغەکەیان دەبێت هەر دانیشیت تا دێنەدەرەوە! تۆیش هەرچەند بڵێیت هەڵەمکرد و تکای لێبکەیت وەرە دەرەوە نایەت، پیاوان دەڵێن دەچم گوڵێکی بۆ دەبەم و دەڵێم خانم ببورە، ئەمە گووڵ تەواو بوو؟

نا، تەواو نەبووە هێشتا! خانمەکان درەنگ متمانە دەکەن سروشتیان وایە، غەریزەیان وایە، جیناتیان وایە، چونکە ئەگەر بڕیار وابێت بە خێرایی باوەڕ بە هەرکەسێك بکە، لەناو دەچن! بە ڕێزان ئەگەر دەتانەوێت خێزانەکانتان متمانەتان پێبکەن بەردەوامیتان هەبێت لە قسەکانتاندا، لە خۆشەویستیتاندا، چاوەڕێی ئەوە مەکەن یەکەمجار پێتانبلێن باشە گیانەکەم.. هەرگیز ئەم قسەیەی لێ نابیستیت، ئەگەر گوتی موعجیزە ڕوویداوە! ئارام و بەردەوام وەك دڵۆپە نەرمەکانی باران کاتێك متمانەی پێکردیت ژیانت دەبێتە بەهەشت! ژن ئەگەر پشتی پیاوی گرت و لە ناخی دڵەوە خۆشیویست ئەو پیاوە لە بەهەشتدایە هەر بە ڕاستیش وایە چونکە بەهەشت لە ژێر پێی خانمەکاندایە! وەك گوتم سێکسیش لە سەدا دەیە ئەمە مانای وانییە کە گرنگی بە سێکس نەدەین، حەتمەن بچن بۆ لای کەسانی پسپۆڕ و ڕێگەکانی فێر بن ئەگەر نازانن، ئەمە گوناه نییە، ئەمە خراپە نییە، مافێکی یاسایی و شەرعی ئێوەیە ئەگەر بە دروستی سوودی لێوەربگرن ژیانتان زۆر جوانتر دەبێت، سوودی لێوەربگرن، کاتێك دوو هاوڕێیش پێکەوە نان دەخۆن، تامی خۆشتر دەبێت، کاتێك عەشقی تیا بێت هەموو شتێك خۆشتر دەبێت.

ئایا دەتانەوێت کەسێکی کاریگەرتر بن؟ ئایا دەتانەوێت کەسانێك بن لە دنیادا کاریگەری قوڵ و پایەدار دابنێن؟ ئایا دەتانەوێت سوپاسی خوای پەروەردگارتان بکەن؟ ئەگەر دەتانەوێت دەبێت خاوەن پەیمان بن، ئەمە هەر بە قسە نابێت بڵێیت من تۆم خۆشدەوێت و هەر ئەوەندەی گوتی پشتی چاوت برۆیە بڵێیت ئەوە بە کێ دەڵێیت ئیتر خۆشم ناوێیت! نا، هێشتا هەر خۆشمدەوێیت، بەڵام هاوڕانیم لەگەڵت، جیاوازی زۆرە بڵێت خۆشمدەێیت و هاوڕام، نا، من و ئێوە مەگەر لە هەموو شتێکدا هاوڕاین؟ نەخێر، بەڵام دەتوانین یەکترمان خۆشبووێت، وەرن بەڵێن بدەین و هاوکاریی بکەین.

١- سەرەتا خۆمان کەسانێکی بەختەوەرتر بین، واتە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین.

٢- خێزانەکەمان بەختەوەر و ئاسوودە بکەین، ئەی ئەو دایك و باوکەی منداڵی تەندروست پێشکەشی کۆمەڵگا دەکەن ئێوە زۆر جێگەی ڕێز و تەقدیرن، چونکە ئەو دایك و باوکەی کە منداڵی موعتاد یان دژەکۆمەڵگا پێشکەش دەکەن دەبێت چەندێك خەرج بکەین کە لە زینداندا ڕایبگرین؟ پاسەوانی بۆ دابین بکەین، ماڵەکانمان بپارێزین.. هتد، وەرن با هاوکاریی بکەین کە

کۆمەڵگەکەمان ببێتە کۆمەڵگەیەکی باشتر، باوەڕ بکەن ئەمە بە دەستی من و ئێوەیە، باوەڕ بەخۆتان بکەن هەر ئەمڕۆ کە بڕیارتانداوە و ئەم بابەتە دەخوێننەوە، دەکرێت سەرەتایەکی زۆر بەهێز بێت، کە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەن.

دڵێکی شاد و لێوێکی پڕ لە خەندەتان بۆ هەموو لایەکتان، سەرکەوتوو بن.



ئایا دەخوازن ببنە کەسێکی کاریگەر و بەسوود بۆ خۆتان، خێزانەکەتان، کۆمەڵگاکەتان و مرۆڤەکان؟

ئەگەر دەخوازن، پیرۆزبایتان لێ دەکەم هەڵبژاردنێکی دروستان ئەنجامداوە، دڵنیام لەکۆتایی ئەم کتێبەدا ئەوکەسەی پێشوو نابن، چونکە هەندێك وانەی گرنگ لەم کتێبەوە فێردەبن کە ئاشناتان دەکات بە کۆمەڵێك دیدی نوێ سەبارەت بە خۆتان، بە هاوسەرەکەتان، بە سێکس و هاوسەرگیری... لە پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە، بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە دنیابینیتاندا ڕوو دەدات، ژیانێکی باشتر و شیرینترتان دەبێت.

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (٢٠٠٠) دینار